

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی پێنجەم

ئامادەکردنی:
عمرعلی شریف - ویسی صالح حمدامین

چاپی یەکەم
٢٠٢٣زایینی ٢٧٢٣ کوردی ١٤٤٤ کۆچی

پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی

بەشی مێژوو

عمرعلی شریف - ئاکۆ صابر عثمان - عبیدخضر فتح الله

بەشی جوگرافیا:

چیمەن عادل هادی

چالاکی و ڕاهێنان :

بۆتان کریم عبدالله ـ لیلی صلاح الدین

سەرپەرشتی زانستیی چاپ:

جمال عمر عبدالله

پێداچوونەوەی زمانەوانی:

نوری ابراهیم علی

سەرپەرشتی هونەریی چاپ:

عوسمان پیرداود کواز - نەبەز مصطفی عبدالله

نەخشەسازیی ناوەڕۆك:

نەبەز مصطفی عبدالله

نەخشەسازیی بەرگ:

ئاری محسن احمد

نەخشەکانی ئەتڵەس :

سردار محمد عبدالرحمان - هۆشیار محمد آمین

پێشەکی

مامۆستای خۆشەویست/ کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دوو بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەویش بەشی مێژوو و بەشی جوگرافیایە، ئەمساڵ پێداچوونەوەی زانستی، بژارکردن، شێوازی دیزایین و دارشتنەوەی گۆڕانکاری تێداکراوە، بەپێی پێوەری زانستی نوێی فێربوون هەر بەشێك بەسەر چەند بەند و وانەیەك دابەشکراوە، بەگوێرەی وانەکان چالاکیی ناو پۆل و هەڵسەنگاندن، زانیاری و چالاکیی ماڵەوەیان بۆ دانراوە، پێویستە مامۆستا گرنگیی بە هەموو زانیاری و چالاکییەکان بدات، بۆ ئەوەی قوتابی ئەو بابەتەی دەیخوێنێت فێری ببێت و پرسیاری لە لا دروست بێت و بتوانێت بابەتەکە هەڵبسەنگێنێت.

بەشێك لە پرسیارەکان پێویستییان بە گەڕان و بەدواداچوون هەیە لە سەرچاوەی تری زانیارییەکان، بۆیە پێویستە مامۆستای بەڕێز ڕەچاوی ئەو چالاکییانە و چالاکیی ماڵەوە بکات، بەشێوەیەك قوتابی خۆی تەوەری سەرەکیی فێربوون بێت و مامۆستاش ئاراستەکار و ڕێنیشاندەر بێت.

ئێوەی بەڕێزیش لە ڕێگای سەرنج و تێبینی و پێشنیازەکانتان دەتوانن بۆ چاپی داهاتوو، کتێبەکە دەوڵەمەند بکەن، ئەویش لە ڕێگای ڕەوانەکردنی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

لیژنەی پێداچوونەوە

وەرزی یەکەم

مێژووی کۆن و ناوەڕاست



پێڕستی بەشی مێژوو

بەشی یەکەم



پلانی ساڵانە

بە گوێرەی هەردوو وەرزەکە، وەرزی یەکەم بابەتی (مێژوو)، وەرزی دووەم بابەتی (جوگرافیا) دەخوێندرێت، بەند و وانەکان بەپێی ساڵنامەی خوێندن، دابەشی سەر مانگەکانی ساڵی خوێندن دەکرێن و هەر مانگێك بەپێی خشتەی بەشەوانەی هەفتانە، دابەشی سەر هەفتەکان دەکرێن.

مامۆستای خۆشەویست، ئەم پلانە نموونەیەکی پلانی ڕۆژانەیە بۆ ئەوەی بتوانیت پلانێکی پوخت بۆ تەواوی ساڵی خوێندن دابنێیت، چونکە ئەو پلانە تەنیا پلانی وانەیەکە، پێویستە مامۆستای بابەت، پلانی وانەکانی تر لە پەڕاوی پلان دابنێت.

هەنگاوەکانی پلانی ڕۆژانە:

- ناونیشان
- دەستپێك
- ئامانجی تایبەت
- هۆیەکانی فێرکردن
- خستنەڕوو و ڕێگا و شێوازی وانەگوتنەوە (چالاکییەکان)
- هەڵسەنگاندن
- پوختەی وانە
- چالاکیی ماڵەوە
- دابەشکردنی کاتەکان

نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی مێژوو

قۆناغ: بنەڕەتی

پۆل: پێنجەم

بابەت: مێژوو

وانەی:

ڕێکەوت:

ناونیشان : نەتەوە دێرینەکانی عێراق

(٥ خولەك)

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەکارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەکردنی قوتابییان پێش ئەوەی بچێتە ناو بابەتی وانەکە.

نموونەیەك لە شێوازەکان:

_ سەرنجڕاکێشانی قوتابییان بە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە:

چەند پیتی جیاواز و هاوبەش لەم دوو وشەیەدا هەیە (سۆمەرییەکان، ئەکەدییەکان)؟

١_ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو ٢_ بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ

٣_ خستنەڕووی بابەتی وانەکە.

ئامانجی تایبەت:

١_ سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان بناسێت.

٢_ لێکدانەوە بۆ سنووری دەسەڵاتی سۆمەرییەکان بکات.

٣_ ڕوونکردنەوە بۆ کارەکانی پاشا (نەرام سین)ی ئەکەدی بکات.

٢_ هەڵسەنگاندن بۆ پاشاکانی ئاشووری بکات.

هۆیەکانی فێرکردن:

- پێنووسی ڕەنگاو ڕەنگ (ماجیك).
- تەختەی سپی (وایت بۆرد).
- دروستکردنی خشتەیەك لەسەر وایت بۆرد بۆ لێکچوون و جیاوازیکردن.
- بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی تر لە کرداری فێرکردن کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانەگوتنەوە: (٢٥ خولەك)

مامۆستا ناونیشانی بابەتی وانەکە و ڕێکەوت و ڕۆژەکە و وانەکە لەسەر (وایت بۆرد) بنووسێت، دوای خستنەڕووی بابەتەکە و باسکردنی، بەشێوازی پێشبڕکێ قوتابییان بە گرووپ بەراورد لە نێوان سۆمەری و ئەکەدییەکان دەکەن، لێکچوون و جیاوازییەکان لەسەر کاغەز بنووسن، ئەو گرووپەی بەزووترین کات ئەرکەکەی تەواو بکات، بە گرووپی سەرکەوتو دابنرێت، دواتر بە خشتەیەك لێکچوون و جیاوازییەکان لەسەر وایت بۆرد دەنووسرێن و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

هەڵسەنگاندن: (٥ خولەك)

_ هەمان پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی ناو کتێبەکە لەبابەتی نەتەوە دێرینەکانی عێراق دەکرێن.

پوختەی وانە: (٥ خولەك)

سۆمەری و ئەکەدییەکان دوو نەتەوەی دێرینی عێراق بوون و ئەم دوو نەتەوەیە لە میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون، کە دەکاتە وڵاتی دوو ڕووبار، خاوەن شارستانیەتێکی بەناوبانگ بوون، لە شارە بەناوبانگەکانی سۆمەرییەکان (ئوور ، ئەریدۆ ، وەرکا و لەگش) بوو، ئەکەدییەکان بەسەرکردایەتیی (سەرجۆنی ئەکەدی) ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزیان لەم ناوچەیە دامەزراند.

ئەرکی ماڵەوە:

لە کتێب ئاماژەی پێ کراوە، بۆ وانەی داهاتوو گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.

بەندی یەکەم

نەتەوە دێرینەکانی کوردستان


ئامانجی فێربوون:

١_ نەتەوە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا و کوردستانی کۆن بناسێت.

٢_ بەراورد لەنێوان نەتەوە دێرینەکانی کوردستان بکات.

٣_جیاوازی لەنێوان سنووری دەسەڵاتی نەتەوە دێرینەکانی کوردستان بکات.

٤_ ڕوونکردنەوە بۆ سنووری حوکمڕانیی دەوڵەتی میدیا (ماد) بکات.



وانەی یەکەم:

هەندێ لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان:

لە کوردستانی دێرین کە (زنجیرە چیاکانی زاگرۆس) و (خۆرهەڵات و باکووری میزۆپۆتامیا) دەگرێتەوە، چەندین گەل و نەتەوە ژیاون، کە بە باوك و باپیرانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد دادەنرێن.

لە بەناوبانگترین ئەو گەل و نەتەوانەش وەك: (عیلامیەکان، سووباریەکان، لۆلۆییەکان، گۆتییەکان، کاشییەکان، هۆرییەکان، میتانییەکان، میدییەکان و کاردۆخییەکان...هتد).

لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- سووبارییەکان:

کۆنترین ئاماژە بە خاکی کوردستان بەناوی (سوبارتۆ) هاتووە، کۆنترین دانیشتوانی کوردستان و چیاکانی زاگرۆس پێیان گوتراوە (سووبارییەکان)، ئەویش بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی پاشای سۆمەری ئەیاناتم (٢٤٧٠-٢٤٤٣ پ.ز) تۆمارکراوە، سوباریەکان کە بەکۆنترین نەتەوەکانی باوك و باپیرانی کوردانی ئەمڕۆ دادەنرێن، خاوەن شارستانیەتێکی زۆر مەزن و پێشکەوتوو بوون و چەندین شار و قەڵایان لە کوردستان دروستکردووە لەوانە قەڵای هەولێر و چەندانی تر.

٢-گۆتییەکان:

ئەمانەش لەنەتەوە دێرینەکانی کوردستان و چیاکانی زاگرۆس بوون، لە ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و زێی سیرواندا دەژیان، شاری ئارابخا (قەڵای کەرکووکی ئێستا) یان لەنێوان ساڵانی ٤٥٠٠-٣٥٠٠ پێش زایین دروست کرد و کردیانە پایتەختی خۆیان. دەوڵەتێکیان دامەزراند بەناوی (گۆتیام)، چەند جارێك تووشی پەلاماری ئەکەدییەکان بوونەوە، بەڵام توانییان بەرپەرچیان بدەنەوە و دەوڵەتی ئەکەدی بڕوخێنن و بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك دەستیان گرت بەسەر وڵاتی سۆمەر و

(ئەرابخا) شاری کەرکووك

میزۆپۆتامیا(وڵاتی دوو ڕووبار):

هەموو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات پێیاندا تێدەپەڕن لە شوێنی هەڵقووڵانیان لە باکووری کوردستان هەتا دەگاتە باشووری عێراق لەسەر کەنداو. کەواتە کوردستان بەشی باکوور و خۆرهەڵاتی میزۆپۆتامیای کۆنی دەگرتەوە.

ئەکەد (باشووری میزۆپۆتامیا) لەم ماوەیەشدا (٢١) بیست و یەك پاشا فەرمانڕەواییان کردووە.
گۆتییەکان بە هەڵبژاردن پاشایان دەستنیشان دەکرد و ماوەی حوکمڕانیی پاشاکانیش لەنێوان ٣-٦ ساڵ بووە، بەمەش یەکەمین و کۆنترین سیستەمی دیموکراسییان پیادە کردووە.



وێنەی عەقەرقوف

٣-کاشییەکان:

ئەمانەش لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان و چیاکانی زاگرۆس بوون، لە ناوچەکانی ئەمڕۆی کرماشان و لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژیان، دواتر بەرەو دەشتەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە شۆڕ بوونەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە دەستیان بەسەر وڵاتی بابل(میزۆپۆتامیا) داگرت و دەوڵەتێکی مەزنیان لەوێ دامەزراند بەناوی (کاردۆنیاش).
کاشییەکان یەکەم نەتەوە بوون ئەسپ و گالیسکە (عەرەبانە)یان هێنایە میزۆپۆتامیا(وڵاتی دوو ڕووبار).
کاشییەکان پایتەختێکی تازەیان دروست کرد لە میزۆپۆتامیا ئێستا پاشماوەکەی لە (عەقەرقووف) لە باکووری خۆرئاوای شاری بەغدایە، لە گرنگترین شوێنەوارە جێماوەکانی (زەقوورە)کەیەتی، ئەمەش وەستایی و شارەزایی و لێهاتوویی کاشییەکانمان بۆ دەردەخات لە بواری هونەری بیناسازی و کاری داتاشین، چونکە دیوارەکانی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنرابوون.

قەڵای هەولێر پێش هاتنی ئیسلام چەندین سەردەم و قۆناغی جیاوازی بەخۆوە بینیوە، وەك سەردەمی سووباری و سۆمەری و هۆری(خووری) و ئاشووری و میدی و ئەخمینی و یۆنانی و ساسانی.


وێنەیەکی مێژوویی ئەسپ و گالیسکە

زانیاری :

ساڵی زایینی لەگەڵ لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەربێت) دەست پێ دەکات، بۆ نووسینی ساڵی ڕووداوەکانی پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەربێت) پاشگری (پ.ز) دەنووسرێت واتە پێش زایین، کە لە زۆرەوە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، بەڵام بۆ نووسینی ساڵی ڕووداوەکانی پاش لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا(سەلامی خوای لەسەربێت) پاشگری (ز) دەنووسرێت واتە پاش لەدایکبوون، کەلە کەمەوە بەرەو زیادبوون دەڕوات.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان بەگرووپ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە و لە سەر کاغەزێک لە وایت بۆردی بدەن، دواتر لە لایەن نوێنەری گرووپەکان وەڵامەکان بخوێننەوە :

سووبارییەکان

- کۆنترین دانیشتوانی کوردستان چییان پێ گوتراوە؟
- بۆ یەکەمجار کەی و لە لایەن کێ ناویان هاتووە؟
- کۆنترین ئاماژە بە خاکی کوردستان چی پێ گوتراوە؟
- کام قەڵایان لە کوردستان دروست کردووە؟

گۆتییەکان

- لەکام ناوچەی کوردستان نیشتەجێ بوون؟
- کام قەڵایان لە کوردستان دروست کردووە؟
- ئەو دەوڵەتەی دایانمەزراند ناوی چی بووە؟
- چۆن پاشایان هەڵدەبژارد، خاوەن چ سیستەمێک بوون؟

هەڵسەنگاندن

١.ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

أ- لـەو گـەل و نەتەوانـەی کـە لـە کوردسـتانی دێریـن دا ژیـاون وەك .... و .... و .... و .... و ....

ب- .... یەکـەم نەتـەوە بـوون ئەسـپ و گالیسـکە(عەرەبانە)یان هێنایـە میزۆپۆتامیا(وڵاتـی دوو ڕووبـار).

ج- کاشییەکان دەوڵەتێکی مەزنیان دامەزراند بەناوی ....

٢.وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە؟

أ_ نەتەوە دێرینەکانی کورد لە چ شوێنێک ژیاون؟

ب _ قەڵای هەولێر لەلایەن کام نەتەوەی دێرینی کوردستان دروستکرا؟

ج _گۆتییەکان لەلایەن کام نەتەوەی دراوسێیانەوە هێرشیان کرایە سەر؟

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیـی ئازیـز/ هەمـوو گـەل و نەتەوەیـەک شـانازی بـە مێـژووی بـاوک و باپیرانیـان دەکـەن، چەنـد وشـەیەک بنووسـە وەک کوردێـك کـە خـاوەن مێـژووی نەتەوەکەتـی و شـانازی پێـوە دەکـەی؟ نموونـە

- من خاوەن خاکم .
-
-
-

وانەی دووەم

٤. مادەکان (میدیەکان):


میدییەکان تا ماوەیەکی درێژ هەر لەسەر شێوەی هۆز و تیرەی بچووك بچووك دەژیان، بەڵام لە دەوروبەری ساڵانی (٧٠٠ پ.ز) یەکێك لە سەرکردەکانیان کە ناوی (دیاکۆ) بوو، توانی یەکیان بخات و دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێ و شاری ئەکبەتانە پێ دەگوترێت (هەمەدانی ئێستا) بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکە.


شارستانییەتی میدییەکان

مادەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بە رووی هێرش و پەلامارەکانی ئاشوورییەکان وەستان. ئەوە بوو مادەکان بەسەرکردایەتیی کەیخسرەو (کیاکسار) و بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ کلدانییەکانی بابل، هەردوو لا ساڵی (٦١٢ پ. ز.) هێرشیان کردەسەر (نەینەوا) پایتەختی ئاشوورییەکان و کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشووری هێنا.

شوێنەوار و پاشماوەکانی دەوڵەتی میدیا زۆرن لەوانە هەڵکەندراوی قزقاپان لە چەمی رێزان.


هەڵکەندراوی قزقەپان



نەخشەی دێرینەکانی سەرزەمینی ماد و خاکی دوو ڕووبار

بەردی کەدورو
ئاسەوارێکی سەردەمی کاشیەکان (١٧٤١ پ ز)
لە حوکمڕانی پاشا گوردیشگان

زانیاری :

سنووری دەوڵەتی میدیا لەسەردەمی کەیخەسرەو بۆ یەکەم جار هەموو کوردستان لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دەوروبەریشی گرتەوە، لە باکوور گەیشتە دەریای قەزوین و دەریای ڕەش، لە خۆرهەڵات گەیشتە ڕووباری ئاموداریا(جەیحۆن)، لە باشوور گەیشتە کەنداو و بەرزاییەکانی حەمرین، لەخۆرئاوا گەیشتە دەریای ناوەڕاست و ڕوباری هالیس(قزل ئیرماق). بۆیە (دلدار) ی شاعیر لە سرودی (ئەی ڕەقیب)، دەڵێ: ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین.

چالاکی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان بکە چوار گرووپ هەر یەک لەگرووپەکان ئەرکێکی پێ ڕاسپێرە، بەمشێوەیە ئەندامانی گرووپی یەکەم چەند دێڕێک لە ناوەڕۆک بخوێننەوە، ئەندامانی گرووپی دووەم پرسیار دروست بکەن، لەسەر ئەو دێرانەی کە لە لایەن گرووپی یەکەم خوێندرایەوە و گرووپێ سێیەم وەلامی پرسیارەکان بدەنەوە و گرووپی چوارەم شیکردنەوە بۆ وەڵامەکان بکەن بەم شێوەیەی خوارەوە :

_ ئەم دێڕە لە لایەن ئەندامێکی گرووپی یەکەم دەخوێنرێتەوە:

(میدییەکان تا ماوەیەکی درێژ هەر لەسەر شێوەی هۆز و تیرەی بچووك بچووك دەژیان)

- ئەندامانی گرووپی دووەم بەم شێوەیە پرسیار لەسەر ئەو دێڕە دروست بکەن:
- ئایا میدییەکان تاماوەیەکی درێژ لەسەر چ شێوەیەک دەژیان؟
- ئەندامانی گرووپی سێیەم وە لامی پرسیارەکان دەدەنەوە.
- ئەندامانی گرووپی چوارەم شیکردنەوە بۆ وەڵامەکە دەکەن.

_ بابەتەکانی تریش بەهەمان شێوە دابڕێژن .

هەڵسەنگاندن

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە :

١. گرنگیی دەوڵەتی میدیا لە مێژووی نەتەوەی کورددا چییە؟

٢. سێ دەوڵەتی کۆنی کوردستانی دێرین بژمێرە.

چالاکی ماڵەوە

- بۆچی ساڵنامەی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی میدیاوە دەست پێ دەکات و ئێستا ساڵی چەندی کوردییە و چۆن ئەو ساڵی کوردییەمان دەرهێنا؟

بەندی دووەم


چەند شوێنەوارێکی دێرینی کوردستان

ئامانجی فێربوون:

١_ شوێنەوار بناسێت.

٢_ هه ندێ له شوێنەواره دێرینەکانی کوردستان بزانێت.

٣_ هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی شوێنەواره دێرینەکان بکات.



وانەی یەکەم:

شوێنەوارە دێرینەکان

کوردستان پڕیەتی لە شوێنەوار و پاشماوەی دێرین لە ئەشکەوت و گرد و قەڵا و شوورە و پرد و وێنەی هەڵکەندراو لەسەر بەرد و شاخ و ...هتد، ئەمانە گشتی شارستانییەتی باوك و باپیرانمان نیشان دەدەن، لە نێو ئەم شوێنەوارانەشدا ئێسك و پرووسکی مرۆڤ و ئاژەڵ و پاشماوەی گەنم و جۆ و کەرەستە و ئامێری جۆراوجۆری ڕاوکردن و کشتوکاڵ و کارەکانی ڕۆژانەی ناوماڵ، دۆزراونەتەوە. کە ئەمەش چەند ڕاستییەکی سەرەکیمان بۆ دەخاتەڕوو:

١_ مێژووییەکی زۆر دەوڵەمەندمان هەیە و کۆنترین جۆری مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە ژیاوە.

٢_ کوردستان بە یەکێ لە کۆنترین و پێشکەوتووترین مەڵبەندەکانی ژیاری(شارستانیەت) ی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

٣_ شێوە و چۆنییەتی ژیانی ڕۆژانە و دەستڕەنگینی و لێهاتوویی باوك و باپیرانمان، بۆ بەدەردەکەوێت.

٤_ لە ڕووی ئایینیەوە، کوردستان خاکێکی پیرۆز بووە، (چیای جودی) کەوا کەشتییەکەی پێغەمبەر نوح(سەلامی خوای لەسەربێت)ی لەسەر نیشتۆتەوە لەدوای تۆفان، دەکەوێتە باکووری کوردستان(لە قورئانی پیرۆز، ئایەتی ٤٤ لە سورەتی هوود)، ئەویش لەدوای پاڕانەوەی پێغەمبەر نوح(سەلامی خوای لەسەربێت) کەداوای لە خوای گەورە کرد لە شوێنێکی پیرۆز دامانبەزێنە (لەقورئانی پیرۆز، ئایەتی ٢٩ لەسورەتی المؤمنون).



چیای جودی

هەندێ لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان

١_ گرێ مرازا (گۆبەلکی تەپە):

بە کۆنترین پەرستگا دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان و مێژووەکەی بۆ ١٢ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەرێتەوە و دەکەوێتە نزیك شاری ئورفە(رۆها) لە باکووری کوردستان، یەکەم هەڵکۆڵین لەم پەرستگایە بۆ ساڵی (١٩٦٢) دەگەرێتەوە. پەیکەر و هونەری داتاشینی بەرد و بیناسازیی لە (گرێ مرازا) هێندە پێشکەوتوو و کارامەن، لەو مێژووەدا وێنەی نییە، بەردی زۆر گەورە و قورس لە شاخ و چیاکانی ناوچەکە هەڵکەندراون و دواتر گوازراونەتەوە و داتاشراون و بە شێوەی ستوونی(عمودي) لە زەوییدا دانراون.

شوێنەوارو پەرستگای گرێ مرازا (گۆبەلکی تەپە)

زانیاری :

شوێنەواری گرێ مرازا (گۆبەلکی تەپە)ساڵی ٢٠١٨ ناوی لە لیستی شوێنەوارە کەلەپوورییەکانی یونسکۆ تۆمار کراوە.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست/ بە ڕێگای ڕۆڵبینین و بەشێوازی وشەکان دەدوێن و باسی خۆیان دەکەن، هەر جاری قوتابییەک بەم شێوازە قسە دەکات: نموونە

قوتابییەک دەڵێت من کوردستانم پڕم لە شوێنەوار و پاشماوەی دێرین لە ئەشکەوت و گرد و قەڵا و پرد ....و

قوتابییەکی دیکە دێڕی دواتر دەڵێت وەک نموونەکەی سەرەوە ....

بەم شێوازە هەتا هەموو قوتابییەکان ناوەڕۆکی بابەتەکە تا کۆتایی تەواو دەکەن.

هەڵسەنگاندن

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

شوێنەواری گرێ مرازا (گۆبەلکی تەپە) ساڵی چەند ناوی لە لیستی شوێنەوارە کەلەپوورییەکانی یونسکۆ تۆمار کرا؟
(٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩ - ٢٠٢٠)

کوردستان مێژوویەکی .... هەیە و کۆنترین جۆری مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە ژیاوە؟ (زۆر دەوڵەمەند ، هەژار، مامناوەند، هیچیان).

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز بە ئارەزووی خۆت وێنەی شوێنەوارێکی دێرینی کوردستان بکێشە.

وانەی دووەم:

٢_ بێستانسوور:

شوێنەوارەکانی گوندی بێستانسوور دەکەونە دەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی و ساڵی (٢٠١٤ز) بە یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ دانرا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (حەوت هەزار ساڵ) پ.ز و بە یەکێك لە چوار شوێنی سەرەکی پاشماوەی گلێنەسازیی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دانراوە. ئێسك و پرووسکی مرۆڤ و چەندین جۆری ئاژەڵ و پاشماوەی خانووی لە خشت دروستکراو و دانەوێڵە و کەلوپەل و ئامرازی بەردینی لێ دۆزراوەتەوە.


بایەخی جیهانیی شوێنەواری بێستانسوور لەوەدایە کە ڕێکخراوی یونسکۆ لە نێو لیستی میراتی جیهانی خۆی دایناوە.



شوێنەواری گوندی بێستانسوور لە دەشتی شارەزوور

٣- نوزی:

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری کەرکووك و ئێستا بە (یۆرغان تەپە) ناسراوە، پاشماوەی چەندین سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی کۆنی لێ دۆزراوەتەوە، بەتایبەتی هۆرییەکان (خوورییەکان) کە گەلێکی کۆنی کوردستانی دێرین بوون و دەوڵەتێکیان دامەزراند بە ناوی دەوڵەتی میتانی. لە (نوزی) پاشماوەی کۆنترین کتێبخانە لە مێژووی کوردستان وناوچەکە تێیدا دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پ. ز، کە نزیکەی ٦ هەزار تابلۆی بزماری(مێخی) تیادا دۆزراوەتەوە، کە باس لە زۆربەی بوارەکانی ژیان دەکەن. نەخشەیەك لە نوزی دۆزراوەتەوە کە ئاماژە بە زێ و شاخ و دەشتەکانی ناوچەکە دەکات، ئەم نەخشەیەش کۆنترین نەخشەی تۆبۆگرافییە کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە.



تابلۆی بزماری(مێخی)

چەند کەلوپەلێك لە شوێنەواری نوزی



پاشماوە دۆزراوەکانی تەل براك لە ڕۆژئاوای کوردستان

٤- تەل براك (گردی براك):

یەکێکە لە کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان، دەکەوێتە دووریی ٤٢ کیلۆمەتر لە شاری حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٨٠٠ ساڵ پ.ز. هونەری بیناسازیی شارەکە ئاماژەن بۆ سیستەمێکی شارستانیی زۆر پێشکەوتوو لەبوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و بازرگانی، لەم شارەدا پاشماوەی بینایەکی پلەدار (چین چین) و پەرستگایەك دۆزرایەوە، کە چەندین کەرەستەی لەبەرد و مەرمەڕ داتاشراوی تێدا بوو وەك پەیکەری ئاژەڵ و مرۆڤ.



برۆنزییەکانی لوڕستان

زانیاری :

برۆنزییەکانی لوڕستان:

لوڕستان بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لوڕەکانیش بەشێکی گرنگیی نەتەوەی کوردن .ساڵی ١٩٢٨ ی زایینی سەدەها پارچەی بەنرخی برۆنز و ئاسن لەناوچەکە دۆزرانەوە لە: (شمشێر و خەنجەر ، قەڵغان ، تیر ، ڕم و خشڵ ، ئاڵتوون ، قاپ ، میل و پەیکەری پاڵەوانەکان، کە زۆرانبازی لەگەڵ ئاژەڵەکان دەکەن، لەگەڵ پەیکەری ئاژەڵە ئەفسانەییەکان و چەندین کاری هونەریی ناوازە، کە هەموویان لەسەر تابلۆی برۆنزی بەهەڵکۆڵین نەخشێندرا بوون).

مێژووی ئەم کارە هونەرییە ناوازانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەردەم:

یەکەم :کاشییەکان و میتانییەکان، دووەم : عیلامییەکان. سێیەم : میدییەکان.

هەموو ئەم کارانەش وەستایی و دەستڕەنگینیی باوك و باپیرانمان کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن، دەسەلمێنن.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان دابەشی سەر چەند گرووپێک بکە، هەر گرووپە و سێ زانیاری لەسەر ئەمانە بنووسنەوە (بێستانسوور، نوزی، تەل براک) دواتر نوێنەری گرووپ بچنە لای یەکتر، تا بزانن زانیارییەکان دووبارە نین، کەلەلایەن گرووپەکانەوە نووسراون، دواتر زانیارییەکان لە لایەن ئەندامێکی گرووپەوە بخرێنە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکەن و زانیارییەکان لە سەر دیوار هەڵواسن.

هەڵسەنگاندن

قوتابییان دەربارەی بابەتەکە پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە پاریس بەناوبانگترین مۆزەخانەیە لە جیهان، زۆربەی کەلوپەل و پاشماوەی دێرینی وڵاتانی تێدا پارێزراوە، بە هاوکاریی ماڵەوەت بە چەند دێڕێک باس لە گرنگیی پاشماوە دێرینەکان بکە؟

نموونە:-

-پاشماوە دێرینەکان ناسنامەی ڕەسەنی نەتەوەکانن، کە شانازی پێوە دەکرێت.

-

-

-

بەندی سێیەم

عێراق لە چاخە کۆنەکاندا

ئامانجی فێربوون:

١ـ بەراورد لە نێوان نەتەوە دێرینەکانی عێڕاق (سۆمەرییەکان، ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان) بکات.

٢ـ لێکدانەوە بۆ سنووری دەسەڵاتی سۆمەرییەکان بکات.

٣ـ ڕوونکردنەوە بۆ کارەکانی پاشا نەڕامسینی ئەکەدی بکات.

٤ـ هەڵسەنگاندن بۆ پاشاکانی ئاشووری بکات.



وانەی یەکەم:

نەتەوە دێرینەکانی عێراق

١. سۆمەرییەکان:

باکوور و خـــۆرهەڵاتی میزۆپۆتامیا (کوردستان) بە نیشـتمانی ڕەسەنی سـۆمەرییەکان دادەنرێت و لەوێـوە کۆچیـان کـردووە بـۆ باشـووری میزۆپۆتامیـا (عێـراق) لـە شـەش هـەزار پێش زاییـن، تـا ئێسـتا بـە کۆنتریـن نەتەوەکانـی باشـووری میزۆپۆتامیا دادەنرێن، لەسەر هەردوو کەنـاری ڕووبـاری دیجلـە و فورات گوند و شـار و پەرسـتگایان دروسـت کرد، کشـتوکاڵیان کرد و لە پیشەسـازی داهێنانیـان کـرد و بازرگانییان لەگـەڵ نەتـــەوەکانی دراوســـێیاندا دەکـرد، چــەندەها دەسـکەوتی شارسـتانیی گرنگیان


مۆرێکی قوڕین لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا

بەدەســتهێناوە لە کانزاکاری و گڵێنەسازی(الفخار) و بیناسـازیی وەك زەقوورە و دروسـتکردنی مۆر (الختـم)، دۆزینەوەی کۆنترین جۆری نووســین لە دەوروبەری سـاڵانی (٣٢٠٠ پ.ز) کە بە نووسـینی مێخی (المسـماری) ناسراوە.

سـۆمەرییەکان چەندین شـاری پێشـکەوتوویان بونیـاد نا کـە هەر شـارێك لـە شـێوەی نیمچە دەوڵەتێـك وابوو پێیـان دەگوترا (دەوڵەتشـاری سـۆمەر) وەك ئـوور و ئەریـدۆو وەرکا(ئوروك)و لەگـش و نیپۆر...هتد.

شاری وەرکا(ئوروك):

پاشـماوەی ئـەم شـارە دەکەوێتـە دووریی ٣٠ کیلۆمەتـر لـە شـاری سـەماوە لە باشـووری عێـڕاق، بە یەکێـك لـە کۆنتریـن و گرنگترین و بەناوبانگتریـن شـارەکانی سـۆمەرییەکان دادەنرا، لەم شـارەوە یەکەم پیتی نووسـین لە دەوروبەری سـاڵانی(٣٢٠٠پ.ز) سـاڵ بەهەموو جیهاندا بڵاو بـۆوە. زۆربـەی بیروبۆچوونەکان پێیانوایـە ناوی (عێـڕاق) لە (ئـوروك) هاتبێت.

زانیاری :


شـێوەی بەسـتنی شـەماغ(جامانە)ی پیاوانـی کـوردی فـەیلی و جلوبـەرگی ئـافرەتانی کوردانـی ئێـزدی، ڕەگوڕیشـەکەی بـۆ سـەردەمی سـۆمەرییەکان دەگەڕێتـەوە.

زەقوورە؛ی ئوور

زەقووره چییه؟

لە وشەی (زكارۆ)ی ئەكەدی وەرگیراوە بەواتای (بینای بەرز)، یەكەمجار سۆمەرییەكان زەقوورەیان وەك پەرستگا دروستكرد. لە گرنگترین پاشماوەی زەقوورەكان لە عێراق وەك زەقوورەی ئوور و عەقەرقووف و بابل.

٢. ئەکەدییەکان (٢٣٣٤ - ٢١٥٤ پ.ز) :



هەڵکەندراوی پەیکەری نەرام سین
لە دەربەندی گاور لە قەرەداغ

بە کۆنترین ئەو نەتەوە (سام)ییانە دادەنرێن کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە کۆچیان کردووە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا، پاشان ئیمپڕاتۆریەتێکی بەهێزیان بە سەرکردایەتیی (سەرجۆنی ئەکەدی) دامەزراند، دوای یەکخستنی (دەوڵەتانی شاری سۆمەر).

لە دوای مردنی سەرجۆنی ئەکەدی چەند پاشایەکی تر دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەڵام لە هەموویان بەناوبانگتر پاشا (نەرام سین) بوو، کەتوانی سنووری ئیمپڕاتۆریەتەکە بگەیەنێتە ئێران و ئەنادۆڵ و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و کوردستان.



تابلۆیەکی قوڕی نووسینی بزماری لەسەر نەخشێندراو


دەریای رۆم
ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی
(ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی) ٢٣٧١ – ٢٣١٦ پ.ز
ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی
سەرجونی ئەکەدی
میلی سەرکەوتنی (سەرجونی ئەکەدی)

٢٩

زانیاری :

نـاوی ئەکەدییـەکان لـە شـاری(ئەکەد)ەوە هاتـووە کـە سـەرجۆنی ئەکـەدی بوونیادینـا و کردیـە پایتەختـی ئیمپڕاتۆریەتـی ئەکـەدی کـە بـە یەکـەم و بـە کۆنتریـن ئیمپراتۆریـەت دادەنرێـت لـە مێـژووی کۆنـدا.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆسـتای خۆشەویسـت قوتابییـان دابەشـی سـەر چەنـد گرووپێـک بکـە بـۆ بەراوردکـردن لـە نێـوان سـۆمەرییەکان و ئەکەدییـەکان لێکچـوون و جیاوازییەکانیـان لەسـەر کاغـەز بنووسـن و دواتـر لەسـەر لـە وایـت بـۆرد هەڵیـان بواسـن، لەلایـەن نوێنـەری گرووپـەکان بخرێنـەڕوو و گفتوگۆیـان لەسـەر بکرێـت لـە کۆتایـی لـە دیـوار بدرێـن.

هەڵسەنگاندن

ئەم بۆشاییانە پڕبکەوە:

١. ئیمپڕاتۆریەتـی .... بـە یەکـەم و بـە کۆنتریـن ئیمپراتۆریـەت دادەنرێـت لـە مێـژووی کۆنـدا.

٢. لـە شـاری......... لەوڵاتـی دوو ڕووبـارەوە یەکـەم پیتـی نووسـین لـە دەوروبـەری (٣٢٠٠ پ.ز) سـاڵ بەهەمـوو جیهانـدا بـڵاو بـۆوە.

_ ناوی عێراق لە چییەوە هاتووە؟

_ پێناسەی ئەمانە بکە: زەقوورە، شاری وەرکا.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیـی ئازیـز / سـۆمەرییەکان مۆریـان بـەکار دەهێنا و ئێسـتاش مـۆر بەکاردێـت، بـە هاوکاریـی ماڵەوەت بـە (٥) دێڕ بـاس لـە گرنگیـی مـۆر بکـە؟

وانەی دووەم:

٣. ئاشوورییەکان:

ئەمانەش یەکێکن لە نەتەوە (سام) ییەکان کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتن و لە باکووری میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون، وامەزندە دەکرێت کە ناوەکەیان لە ناوی یەکەم پایتەختیان شاری (ئاشوور) و لە ناوی خواوەندەی گەورەیان (ئاشوور) هاتبێت.

ئاشوورییەکان دەوڵەتێکی مەزنیان دامەزراند، چەندین پاشای بەناوبانگیان تێدا هەڵکەوت و سنووری دەوڵەتەکەیان زۆر فراوان کردووە، هەندێك لەم پاشایانە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئاودێری و ئاوەدانکردنەوەیان ئەنجام دا کە تا ئێستاش پاشماوەی هەندێکیان لە باشووری کوردستان ماون، لەوانە پرۆژەی ئاوی سەنحاریب کە لە چەمی بەستۆرە (لە نزیك گوندی قەلەمورتك) ئاوی بە ڕێگای کارێزەوە دەگەیاندە ناو قەڵای هەولێر، هەروەها پرۆژەکان و هەڵکەندراوەکان و پەیکەرەکانی (خەنەس) لە قەزای شێخان، کە گشتیان بۆ سەردەمی پاشا (سەنحاریب) دەگەڕێنەوە.


پەیکەرێکی سەردەمی ئاشوورییەکان

شوێنەواری خەنەس

زانیاری :

لە پاشا بەناوبانگەکانی تری ئاشوورییەکان پاشا (ئاشووربانیباڵ) بوو، بە کتێبخانە گەورەکەی ناوبانگی دەرکردووە لە شاری (نەینەوا)ی پایتەخت دروستی کرد و زیاتر لە ٣٠ هەزار تاتەقوڕی لێ دۆزرایەوە.

چالاکی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست، قوتابییان ڕوونکردنەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە بکەن و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە؟

- هۆی چییە ئاشوورییەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەب بەرەو باکووری میزۆپۆتامیا هاتن؟
- گرنگترین پاشماوە و شوێنەوارەکانی ئاشوورییەکان لە کوردستان کامانەن و دەکەونە کوێ؟

هەڵسەنگاندن

١. سەنحاریب چ پرۆژەیەکی لە هەولێر ئەنجام داوە؟
٢. ناوی نەتەوەی (ئاشووری) لە چییەوە هاتووە؟

چالاکی ماڵەوە

ـ قوتابیی ئازیز/ ئاشوورییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانیی ئەم ناوچەیەیان کردووە، یەکێک لە هۆکارەکانی درێژیی ئەم فەرمانڕەوایییە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بووە، بە چەند خاڵێک لێکدانەوە بۆ ئەمە بکە؟

١- ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێگەی حوکمڕانی بەهێز دەکات.

٢- پێشکەش نەکردنی ....

٣-

٤-

وانەی سێیەم:

شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق

١. ئـوور: ئـەم شـارە ئێسـتا پاشـماوەکەی دەکەوێتـە نزیـك شـاری ناسـریە لـە پارێـزگای زیقـار، یەکێـك بـووە لـە کۆنتریـن و گرنگتریـن شـاری سـۆمەرییەکان.
لـەم شـارەدا کۆمەڵێـك سـامان و کەلوپەلـی بەنـرخ لـە (گۆڕسـتانی پاشـایان) دۆزراونەتـەوە، لە زێـڕ و پـەرداخ و خەنجـەری زێڕیـن و هەنـدێ (تـار) (قیثـارة)ی ڕازاوە بـە زێـڕ و شـتی تـر.

گرنگتریـن شـوێنەوارەکانی ئـەم شارە بریتییە لە (**زەقـوورەی ئـوور**)، کـە لەلایـەن پاشـا(ئورنەمۆ) دامەزرێنـەری بنەماڵـەی ئـووری سـێیەم دروست کراوە.

٢ـ بابـل: پاشـماوەی ئـەم شارە دەکەوێتـە نزیـك شـاری (الحلـە) لەسـەر ڕووبـاری فـورات.
لـە دوو سـەردەمەدا زۆر ناوبانگـی دەرکـردووە، یەکەمیـان لـە سـەردەمی پاشا (حامورابـی) کـە شەشـەم پاشـای دەوڵەتـی بابلـی یەکـەم بـوو و لـە هەمـوو پاشـاکانی ئـەم دەوڵەتـەش بەناوبانگتربـوو، بـە (یاسـاکانی حامورابـی) ناوبانگـی دەرکردووە، کە بۆ ڕێکخسـتنی ژیـان و مـاف و ئەرکـی هاوڵاتییـان و سـزادانی تاوانباران و سـەرپێچیکاران دایناون. ئێسـتاش ئـەم میلـە لـە مۆزەخانـەی (لۆڤـەر) لـە پاریـس پارێـزراوە.
دووەمیـان لە سـەردەمی پاشا (نەبو خەزنەسر) بـووە کـە بـە دووەم پاشـای دەوڵــەتی بابلـی نـوێ (دەوڵەتـی کلدانـی) دادەنـرێ، ئـەم پاشـایە باخچـە هەڵواسـراوەکانی بابلـی دروسـت کـرد (بـە یەکێـك لـە حـەوت سەرسـوڕهێنەکانی



میلەکەی حامورابی

جیهـان دادەنرێـت) و شـارەکە هەشـت دەروازەی هەبـوو کـە لـە هەموویـان گرنگتـر دەروازەی عەشـتار بـوو کـە شـەقامی کـەژاوە (الموکـب)ی پێـدا تێدەپـەڕی، سـاڵانە یـادی جەژنـی (ئەکیتـۆ)ی تێـدا دەکرایـەوە. کۆشـکێکی گـەورە و چەنـد پەرستگایەکیشـی دروسـت کـرد لەگـەڵ بورج(قولـلە)ی بابـل و پەیکـەری شـێری بابـل (کـە تـا ئێسـتاش پاشـماوەکەی مـاوە) بۆیـە لـەو سـەردەمەدا شـاری بابـل بەجوانتریـن و خۆشـترین و گەورەتریـن شـاری سـەر ڕووی زەوی

> ساڵی ٢٠١٩ شاری بابل لە لایـەن ڕێکخـراوی یونسکۆ لـە لیسـتی کەلەپـووری جیهانـی تۆمـار کـرا.





زانیاری :

٣- ئاشوور:

پاشماوەی ئەم شارە ئێستا بە (قەڵای شەرقات) دەناسرێت و دەکەوێتە باشووری شاری مووسڵ بە دووریی ١١٠کم لەسەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە. شاری ئاشوور یەکەم پایتەختی ئاشوورییەکان بووە، هاوکات مەڵبەندی خوداوەندی گەورەی ئاشوورییەکان بوو بە ناوی (ئاشوور). گرنگترین شوێنەواری شارەکەش بریتین لە قوڵە(بورج)ی سەرەکیی شارەکە و(زەقوورە)ی شارەکە، کە ئاشوورییەکان بۆ خواوەند (ئاشوور) تەرخانیان کردبوو.



دەروازەی عەشتار و شەقامی کەژاوە لە بابل

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست/ قوتابیان بەگرووپ وەڵامی ڕاست بۆ ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێرن:

١-کۆنترین و بەناوبانگترین شاری سۆمەرییەکان بووە.
٢- لەلایەن پاشا ئورنەمۆوە دروست کراوە.
٣- بۆ ڕێکخستنی ژیان و ماف و ئەرکیی هاووڵاتیان و سزادانی تاوانباران و سەرپێچیکاران دانرا.
٤- لەسەردەمی (نەبوخزنەسر) جوانترین و بەناوبانگترین شاری سەر ڕووی زەوی بووە.
٥- پاشماوەی ئێستای بە قەڵای شەرگات دەناسرێت.

هەڵسەنگاندن

ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕاست بکەوە:

١. شاری ئور لە سەردەمی پاشای ئەکەدی (نەرام سین) ناوبانگی دەرکردووە.
٢. پاشماوەی شاری ئاشوور ئێستا بە قەڵای کەرکوك دەناسریّ.
٣. حامورابی باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی دروستکردووە.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز/ بە هاوکاری ئەندامانی خێزانەکەت بە (٦) دێڕ باس لە یەکێ لە سەرسوڕهێنەرەکانی تری جیهان بکە، جگە لە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل؟

بەندی چوارەم:

مێژووی ئیسلام

ئامانجی فێربوون:

١_ ئایینی ئیسلام بناسیت.

٢_ شیکردنەوە لە بارودۆخی عەرەبەکان پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بکات.

٣_ ژیاننامەی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) بزانێت و کارەکانی پۆلێن بکات.

٤_ هەڵسەنگاندن بۆ سەرکەوتنی ئیسلام وماڵئاوایی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ)بکات.



وانەی یەکەم:

ئایینی ئیسلام

ئایینی ئیسلام دوایین ئایینی ئاسمانییە کە خودای گەورە بۆ مرۆڤ ناردوویەتی، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان وەك ئیسلام و مەسیحی و یەهوودی سەرچاوەکەیان فەرمانەکانی خودای گەورەیە، کە بۆ هەریەکەیان کەسێکی ڕاسپاردووە تا پەیامی ئەم ئایینە بە خەڵك ڕابگەیەنێت، ئەم کەسەش پێی دەوترێت (پێغەمبەر) کە نێردراوی خودایە.
ئیسلام ئەو ئایینەیە کە بۆ پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) هاتووە لە ڕێگای قورئانی پیرۆزەوە. ئەو کەسەشی کە باوەڕ بەم ئایینە بهێنێ، پێی دەوتری (موسڵمان).

بارودۆخی عەرەبەکان پێش هاتنی ئایینی ئیسلام

عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا لە نیمچە دوورگەی عەرەب لە بارودۆخێکی زۆر دواکەوتوو دەژیان، لە چەند هۆز (عەشیرەت) و بنەماڵەیەکی جیاواز پێکهاتبوون، زۆرجار لەسەر شتی بێ بایەخ شەڕ و ئاژاوە دەکەوتە نێوانیان و هێرشیان دەکردە سەر یەکتری و بەسەر یەکتریان دادەدا، خەڵکێکی زۆریان لەیەکتر دەکوشت و زۆریشیان دەکرد بە کۆیلە، کە دواتر لە بازاڕی تایبەت بە کۆیلەکان کڕین و فرۆشتن بەو مرۆڤانەوە دەکرا .
چەندین خوداوەند (الالهة) ی جیاوازیان هەبوو کە خۆیان دروستیان دەکردن و دایاندەتاشین و پاشان دەیانپەرستن، لەگەڵ چەندین دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ناشیرین (لەوانە زیندەبەچاڵکردنی کچان، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (التكوير) ئاماژەی پێ داوە).
هەر بۆیە، لەبەر ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر، سەردەمی پێش ئیسلام بە (سەردەمی جاهلی) ناسراوە.



نەبەتیەکان
بەنو کــەلب
جوزام
تەنوخ
بەکر
دەوڵەتی ساسانی
بەلقین
قضاعة
ئەسەد
تەی
ثەعلەب
بەنو سەعد
تەمیم
دەریای خواروو
دەریای سوور
جوهەینە
غەتەفان
سەلیم
حەنیفە
یەمامە
بەنو عامر
نەزدی عومان
مەککە
تائیف
یەثریب
تەبوک
خەثعەم
بەنو ثەقیف
ئەزد
موهرە
نەجران
هەمەدان
عەک
کیندە
حیمیەر
سەنعا
عەدەن
نیمچە دورگەی عەرەب پێش ئیسلام

زانیاری :

مەبەست لە نیمچە دوورگە ئەو پارچە زەوییەیە کەلەسێ لاوە بە ئاو دەوردراوە و لەیەك لاوە بە وشکانی بەستراوەتەوە، بەڵام دوورگە ئەو پارچە زەوییەیە کە لە هەر چوارلاوە بە ئاو دەوردراوە.

نیمچە دوورگەی عەرەب لە خۆرهەڵاتەوە بە کەنداو و لە خۆرئاواوە بە دەریای سور، لە باشوورەوە بە دەریای عەرەب و کەنداوی عەدەن دەوردراوە، لە باکوورەوە بە وڵاتی شام و عێراق بەستراوەتەوە.

گرنگترین شارەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب بریتی بوون لە مەککە و یەثریب(مەدینە) و تائیف.

مەبەست لە وڵاتی شام لە سەردەمی ئێستادا بریتییە لە هەریەك لە وڵاتانی (سووریا ، لوبنان ، ئوردن و فەڵەستین).

چالاکیی ناوپۆل

قوتابیی ئازیز/ بە هاوکاری خێزانەکەت (٦) خاڵ بژمێرە لەسەر بەها پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام ؟

١- هاوکاری و یارمەتی دانی هەژاران.

٢-

٣-

٤-

هەڵسەنگاندن

وەڵامی ئەمانە بدەوە:

١- پێناسەی ئایینی ئیسلام بکە.

٢- مەبەست لە نیمچەدوورگە چییە؟ بۆچی وای پێ دەگوترێ؟

٣- سنووری نیمچە دوورگەی عەرەب لەسەر نەخشە دیاری بکە.

چالاکیی ماڵەوە

مامۆستای خۆشەویست بە ڕێگای گفتوگۆ، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە بۆ بارووdۆخی عەرەبەکان پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بکە و قوتابییان هەموو تێیدا بەشداربن.

وانەی دووەم:

ژیاننامەی پێغەمبەر موحەممەد(د.خ)

پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لە شاری مەککە لە (١٢ ی مانگی ڕەبیعی یەکەم، بەرامبەر بە ٢٠ی مانگی نیسانی ساڵی ٥٧١ زایینی) لە دایکبووە، ئەم ساڵەش لە لای عەرەبەکان بە ساڵی فیل ناسراوە.

لە بنەماڵەی (هاشمیی) سەر بە هۆزی قورەیش بوو، ئەم هۆزەش لە بەناوبانگترین هۆزەکانی مەککە بوو، باوکی ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیب)ە، دایکیشی (ئامینەی کچی وەهەب)ە. پێغەمبەر بەرلەوەی لە دایك بێت، باوکی کۆچی دوایی دەکات. لە تەمەنی (٦) ساڵییدا دایکیشی کۆچی دوایی دەکات ، بۆیە (عەبدولموتەلیب)ی باپیرەی ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆ، دوای مردنی باپیرەشی، لای (ئەبو تالیب) ی مامی دەمێنێتەوە و ئەو ماوەیە کاری (شوانی) دەکات ، پێش ئیسلام نازناوی (الصادق الأمین) ی هەبوو ، پاشان کاری بازرگانی دەکات. لە تەمەنی (٢٥) ساڵی ژنێکی ناوداری بازرگان ودەوڵەمەندی شاری مەککە کە ناوی (خەدیجە کچی خوەیلد)بوو شووی پێ کردووە . لە تەمەنی (٤٠) ساڵی لە ئەشکەوتی (حەڕا) خودا سرووش (وەحی) ی بۆنارد و دەبێتە پێغەمبەر(د.خ).

گرنگیی پێگەی مەککە

مەککە شارێکی گرنگیی ئایینی و بازرگانی بوو، شارێکی پیرۆزی ئایینی بوو چونکە (کەعبەی پیرۆزی لێبوو، کە لە لایەن پێغەمبەر ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی(سەلامی خوایان لەسەر بێت) بنیاد نرابوو، شارێکی گرنگیی بازرگانی بوو، چونکە کاروانی بازرگانی نێوان وڵاتی شام و یەمەنی پێدا تێدەپەڕی (هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی قورەیش ئاماژەی پێداوە).

سالی فیل: ئەو ساڵە بوو کە (ئەبرەهە حاکمی یەمەن لە لایەن مەملەکەتی حەبەشە هێرشی کردەسەر مەککە بەمەبەستی تێکدانی کەعبەی پیرۆز (ماڵی خودا) لەم هێرشەدا فیلی بەکار هێناوە، بەڵام هێرشەکە تێکشکا (هەروەك خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی فیل ئاماژەی پێ داوە).

وێنەی کەعبەی پیرۆز

زانیاری :

پێغەمبەر (د.خ) بۆ ماوەی سێ ساڵ بە نهێنی دەستی بە بانگەوازی کرد بۆ ئایینی ئیسلام، لەم ماوەیەدا تەنیا چەند کەسێکی نزیك بڕوایان بە پێغەمبەر (د.خ) هێنا، پاشان کە ئەم ئایینە نوێیە لایەنگری زۆر بوو بە فەرمانی خوای گەورە پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکانی بە ئاشکرا بانگەوازی خەڵکیان کرد بۆ ئایینی نوێ.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان بەگرووپ بە شێوازی نەخشەی هزری ژیاننامەی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەسەر بێت دروست بکەن و دواتر لە وایت بۆرد هەڵی بواسن و باسی بکەن؟

ژیاننامەی پێغەمبەر

موحەممەد (د.خ)

لەشاری مەککە

لەدایک بووە

هەڵسەنگاندن

١. پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەسەرەتادا چۆن دەستی بە بانگەوازەکەی کرد؟

٢. کێ لەم کەسانە زووتر باوەڕیان بە پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) هێنا؟

(خەدیجەی خێزانی، ئەبوبەکر الصدیق، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب).

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز بە ئارەزووی خۆت چەند سیفەتێکی جوانی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) بژمێرە و گرنگیی یەکێکیان باس بکە؟ نموونە:

١- ڕاستگۆیی

٢-

٣-

٤-

٥-

وانەی سێیەم:

هەڵوێستی خەڵکی مەککە بەرامبەر پێغەمبەر (د.خ):

خەڵکی مەککە هەر لە سەرەتاوە دژایەتی پێغەمبەریان کرد و ڕازی نەبوون واز لە بتپەرستی بهێنن و پشت لە دابونەریتە کۆنەکانیان بکەن، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکانی بەردەوام بوون لەسەر بانگەوازی خەڵك بۆ ئایینی ئیسلام و لە هەڕەشەی بێباوەڕەکان نەدەترسان.

کۆچکردن بۆ مەدینە:

لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژیی بێباوەڕەکانی خەڵکی مەککە موسوڵمانەکانی زۆر ئازار دەدا و ڕێگایان لێدەگرتن تا نەتوانن پەیڕەوی ئایینی خۆیان و بانگەوازی بۆ بکەن، بۆیە دەبوایە پێغەمبەر (د.خ) ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە، ئەوە بوو بڕیاری دا خۆی و هاوەڵەکانی مەککە جێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆ شارێکی دی، کە ئەویش شاری (یەثریب)بوو، کە هەندێك لە خەڵکی ئەم شارە لە کاتی حەجدا ببوونە موسوڵمان و داوایان لە پێغەمبەر(د.خ) کردبوو بێتە شارەکەیان، بەم جۆرە دوای ئەوەی ١٣ ساڵ لەمەککە مایەوە ئەوەبوو پێغەمبەر(د.خ) و موسڵمانەکان بەنهێنی و دەستە دەستە کۆچیان کرد بۆ یەثریب، دوای گەیشتنیان بۆ ئەوێ، ناوی شارەکە گۆڕدرا بۆ (مەدینەی منەوەرە).





مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە

کارەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە:

پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە چەند کارێکی گرنگیی ئەنجام دا، بەر لە هەموو شتێك مزگەوتێکی دروست کرد بۆ نوێژکردن تا ئێستا ماوە، هەروەها (بروانامەی مەدینە)ی دەرکرد بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دانیشتوانی شاری (مەدینە) و دیاریکردنی ئەرك و مافی دانیشتوانەکەی کە لە دوو بەش پێکهاتبوون:

١. بە ئەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) لە مەککەوە کۆچیان کردبوو بۆ مەدینە دەگوترا کۆچکەرەکان (المهاجرين).

٢. بە خەڵکی شاری مەدینەش دەگوترا پشتیوانەکان (الانصار).

کۆچکەرەکان و پشتیوانەکانی کردە برای یەکتر و پەیمانیشی لەگەڵ جووەکانی مەدینە بەست، کە دژایەتی یەکتر نەکەن، بەڵام جووەکان لەو پەیمانە پەشیمانبوونەوە.

زانیاری :

جابـان الكردي(ناسـراو بـه أبـو میمـون الكـردي) بـه یەكـەم كـورد دادەنرێـت كەلەسـەر دەسـتی پێغەمبـەر(د.خ) سـاڵی ٢ی كۆچـی لەشـاری مەدینـە موسـڵمان بـووە و لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر (**د.خ**) بـووە، خـۆی و كورەكەشـی چەنـد فەرمودەیەكیـان لـە پێغەمەمبـەرەوە (د.خ) گێڕاوەتـەوە.

چالاكیی ناوپۆل

ماموٚستای خوٚشەویست / قوتابییـان بـە گرووپ ڕوونكردنەوە و شیكردنەوە بـۆ ئەمانـەی خـوارەوە بكەن؟

١- بۆچـی خەڵكـی مەككـە لـە سـەرەتادا دژایەتـی پێغەمبـەر موحەممـەد (د.خ) یـان دەكـرد؟

٢- هۆكاری كۆچكردن بۆ مەدینە چی بوو؟

٣- بۆچـی پێغەمبـەر محەممـەد (د.خ) سـەرەتای بانگەوازەكـەی بـۆ ئایینـی ئیسـلام بەنهێنـی بـوو؟

هەڵسەنگاندن

_ ئەم ڕستانە ڕاستن یا چەوتن؟ چەوتەكانیش ڕاست بكەرەوە:

١. خەڵكی مەككە هەموویان باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێنا.

٢. خەڵكی مەككە بتپەرست بوون.

_ كارە گرنگەكانی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە بژمێرە.

_ بەڵگەنامەی مەدینە باسی لەچی دەكرد؟

چالاكیی ماڵەوە

قوتابیـی ئازیـز/ بـە هاوكاریـی ئەندامانـی خێزانەكـەت ئـەم گوزارشـتە شـیبكەوە، (كاتێـك كۆمەڵـە كەسـانێك ئـاوارە دەبـن، ڕوو لـە شـارەكەت، یاخـود ناوچەكـەت دەكـەن، پێویسـتە چـۆن مامەڵەیـان لەگـەڵ بكرێـت؟)

بە (٥) خاڵ بینووسە، بۆ نموونە

١- یارمەتیدان و هاوكاریكردنیان .


٢-

٣-

٤-

وانەی چوارەم:

سەرکەوتنی ئیسلام وماڵئاوایی پێغەمبەر (د.خ)



دوا بە دوای ڕێکخستنی کاروباری مەدینە لە لایەن پێغەمبەر (د.خ)، دیسان ڕووبەڕووی خەڵکی مەککە بۆوە، کە بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی موسڵمانان، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دەبووایە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی تازە شەڕ لەگەڵ قورەیشییەکانی مەککە بکات، ئەوە بوو چەند شەڕێك لە نێوان هەر دوو لا ڕووی دا، لە گرنگترین ئەو شەڕانە:

شەڕی بەدر لە ساڵی ٢ی کۆچی و شەڕی ئوحود لە ساڵی ٣ی کۆچی و شەڕی خەندەق(الاحزاب) لە ساڵی ٥ی کۆچی.

لە ساڵی (٦) کۆچی پێغەمبەر (د.خ) ڕێککەوتنامەی (حودەیبیە)ی لەگەڵ قورەیشیەکان مۆر کرد و شەڕ ڕاگیرا، لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنامەیەشدا موسڵمانەکان کەوتنەخۆ و خەڵکێکی زۆریان هێنایە سەر ئایینی خۆیان، ئەوەندەی نەبرد قورەیشییەکان ڕێککەوتنامەکەیان شکاند، بەڵام لە کۆتاییدا موسڵمانەکان سەرکەوتن.

لە ساڵی (٨) کۆچی شاری مەککەیان فەتح کرد، دانیشتوانی شارەکەش بوونە موسڵمان.

دوای ئەم ڕووداوەش بەرەبەرە عەرەبەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە کرد و بوونە موسڵمان.

لە (١٢)ی مانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (١١)ی کۆچی بەرامبەر (٦٣٤)زایینی پێغەمبەر (د.خ) نەخۆش کەوت و دواتر لە تەمەنی ٦٣ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

زانیاری :

شەڕی خەندەق، ئەم ناوەی بۆیە لێ نراوە، چونکە موسڵمانەکان بە فەرمانی پێغەمبەر(د.خ) خەندەقێکیان بەچواردەوری شاری مەدینە لێ دا، کە ئەمەش بیرۆکەی یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) بوو بەناوی سەلمانی فارسی.

زۆرجار بە شەڕی خەندەق دەوترێت شەڕی (الأحزاب) بەهۆی کۆدەنگی و یەکگرتنی زۆربەی هۆز و بنەماڵەکانی قورەیش و جووەکان لەسەر هێرشکردنە سەر مەدینە (سورەتی الأحزاب لە قورئانی پیرۆز.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست بە ڕێگای فێربوونی ئاڵوگۆڕ هەر جارێک دوو قوتابی بەشداری پێبکە، قوتابی یەکەم دێڕێک بخوێنێتەوە، قوتابیی دووەم پرسیار دروست بکات، قوتابییان وەڵام بدەنەوە.

هەڵسەنگاندن

١. گرنگترین شەڕەکانی موسوڵمانان لەگەڵ قورەیشییەکان بژمێرە.
٢. ئەنجامی ڕێککەوتننامەی حودەیبییە باس بکە.
٣. کەی پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوایی کرد؟

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز/ لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ هەڵکەندنی خەندەق لەکاتی شەڕدا بکە، بە (٥) دێڕ بیروبۆچوونەکانت بخەڕوو، نموونە:

_ خەندەق دەبێتە بەربەست بۆ هێرشی دوژمن ....،

....

بەندی پێنجەم

سەردەمی ڕاشیدین (١١ -٤٠)ی کۆچی

ئامانجی فێربوون:

١_ خەلیفەکانی ڕاشیدین بناسێت.

٢_ کارەکان و فتوحات و ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین پۆلێن بکات.

٣_ سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی ڕاشیدین بزانێت.



وانەی یەکەم:

١.خەلیفە ئەبو بەکر الصدیق (١١)ی١٣کۆچی)

سەردەمی ڕاشیدین بەو سەردەمە دەگوترێت کە چوار لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ):
(ئەبوبەکر الصدیق، عومەر کوڕی خەتتاب، عوسمان کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب) بەڕێوەبردنی کاری موسڵمانانیان گرتە ئەستۆی خۆیان و بوونە جێنشین(خەلیفە)ی پێغەمبەر (د.خ).

١. خەلیفە ئەبوبەکر الصدیق (١١ - ١٣)ی کۆچی:

بە یەکەم کەس دادەنرێت لەپیاوان کە موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو، وبەیەکەم خەلیفەی ڕاشیدین دادەنرێت کە بە ڕاوێژکردن (الشوری) هەڵبژێردرا. دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) هاوەڵەکانی لە شوێنێك کۆبوونەوە بە ناوی(سەقیفەی بەنی ساعدە) بۆ هەڵبژاردنی کەسێك تا جێگەی پێغەمبەر (د.خ) بگرێتەوە. ئەوە بوو دوای ڕاوێژکردن (الشوری) ڕازیبوون لەسەر ئەوەی ئەبوبەکر الصدیق ببێتە خەلیفەی پێغەمبەر، کە ئەمەش بە(گفتی تایبەت)ناسرا. بۆ ڕۆژی دواتر موسڵمانەکان لە مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) کۆبونەوە کە لە هەموو لایەکی نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتبوون، ڕازیبوون لەسەر ئەوەی ئەبوبەکر الصدیق ببێتە خەلیفەی پێغەمبەر(د.خ) کە ئەمەش بە (گفتی گشتی) ناسرا.

لە گرنگترین کار و ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفە ئەبو بەکر الصدیق:

١_ زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان: زۆرێك لە هۆز و بنەماڵە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و چوونەوە سەر ئایینی کۆنی خۆیان و چەند کەسێکیش داوای پێغەمبەراتیان دەکرد و بوون بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام خەلیفە ئەبوبەکر توانی زاڵ بێت بەسەریاندا.


٢_ کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز: بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆز لە فەوتان بپارێزرێ بەتایبەتی پاش شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆری هاوەڵانی پێغەمبەر لەوانەی قورئانی پیرۆزیان لەبەربوو لە شەڕەکانی بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان.بۆیە دەستی بەکۆکردنەوە کرد لەلایەن نووسەرانی سروش (الوحی).

٣_ سوپای ئیسلام توانی باشووری وڵاتی شام و عێراق فەتح بکات، ئەم فتوحاتە ماوەیەك وەستا بەهۆی کۆچی دوایی خەلیفە ئەبوبەکر لە ساڵی ١٣ کۆچی .

١. خەلیفـە: بەجێنشـینی پێغەمبـەر دەگوترێـت، کـە کاروبـاری رۆژانـەی ئایینـی و دنیایـی موسـڵمانان بەڕێوەدەبـات.

٢. ڕاشـیدین: (پێگەیشـتوان و دانایـان) بـە هـەر چـوار یەکەمیـن خەلیفـە دەگوتـرا، چونکـە لـە ڕێبـازی پێغەمبـەر (د.خ) لایـان نـەدا.

٣. الشـوری: ڕاوێژکـردن و ڕاگۆڕینـەوە لـە نێـوان موسـڵمانان بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـار و چارەسـەری گیروگرفـت.



زانیاری :

بۆچی خەلیفە ئەبوبەکر نازناوی (الصدیق) ی لێنراوە؟

جگە لەوەی پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، لەهەمانکاتدا هەر شتێکی لەزاری پێغەمبەر(د.خ) بۆ باسکردایە، یەکسەر دەیفەرموو: ڕاستی فەرمووە، هەر بۆیە پێغەمبەر (د.خ) نازناوی (الصدیق)ی لێنا واتا ڕاستگۆ، لە پاش ڕووداوی (الإسراء والمعراج = شەورۆ و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان) ی پێغەمبەر (د.خ)، چونکە یەکەم کەس بوو کە ئەمەی بەڕاست دانا، لەکاتێکدا هەموو قوڕەیش بەدرۆیان دەخستەوە.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست/ قوتابییان بەگرووپ هەڵسەنگاندن بۆ ئەم گوزارشتەی خوارەوە بکەن، کە بەشێکە لە وتارەکەی خەلیفە (ئەبوبەکر الصدیق) :

(کەسی بێهێز لای من بەهێزە تاکوو مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە، کەسی بەهێز لای من بێهێزە تاکوو مافەکەی لێ وەردەگرمەوە بەپشتیوانیی خوا).

هەڵسەنگاندن

١_ مانای سەردەمی ڕاشیدین ڕوون بکەرەوە.

٢_ موسڵمانەکان بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر یەکەم جار لە کوێ کۆبوونەوە؟

(مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ)، سەقیفەی بەنی ساعدە، بازاڕ، تەنیشت کەعبەی پیرۆز).

٣_ جیاوازیی چییە لە نێوان گفتی تایبەت و گفتی گشتی؟

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی خۆشەویست/ بە هاوکاریی خێزانەکەت (٦)خاڵ بژمێرە کە لە کتێبە ئاسمانییە نێردراوەکان باس لە بەها پیرۆزییەکانی مرۆڤایەتی دەکەن و یەکێکیان باس بکە؟ نموونە

١- ئاشتەوایی

٢- یەکسانی

٣-

٤-

وانەی دووەم:

٢. خەلیفە عومەر کوڕی خەتتاب (١٣-٢٣)ی کۆچی:

دووەم خەلیفەی ڕاشیدینە، زیاتر لە (١٠) ساڵ حوکمڕانی کردووە، پێغەمبەر(د.خ) نازناوی (الفاروق)ی لێ نا ،چونکە بە ئیسلامبوونی حەق و ناحەقی لێك جیاکردەوە.
یەکەم کەسە نازناوی (أمیر المؤنین) ی هەڵگرتووە، بەواتای (میری بڕواداران).
لە گرنگترین کار و ڕووداوەکانی سەردەمی خەلیفە عومەر کوڕی خەتتاب:

١- سوپای ئیسلام توانی لە نێوان ساڵانی (١٦ - ٢٢)ی کۆچی (وڵاتی شام و عێراق و کوردستان و میسر) فەتح بکات. سوپای ئیسلام دوای سەرکەوتنیان بەسەر ساسانییەکان لە شەڕی قادسیە، (عێراق) یان فەتح کرد و دەستیانگرت بەسەر (مەدائین)ی پایتەختی ساسانییەکان. دوای گرتنی مەدائین سوپای ئیسلام گەیشتنە کوردستان و دوو شەڕی گەورە لە نێوان سوپای ئیسلام و سوپای ساسانییەکان لەسەر خاکی کوردستان ڕوویان دا، ئەوانیش هەردوو شەڕی (جەلەولا و نەهاوەند) بوون، دوای ئەم دوو شەڕە ئایینی ئیسلام لە کوردستان بڵاوبۆوە.

٢. شارەکانی (بەسرە و کوفە) لە عێراق و (فوستات) لە میسر بنیاد نران.

٣. دیوانی (بەخشین) و (سەربازیی) دامەزراند، کە تایبەتن بە ناو و مووچەی جەنگاوەران.
٤. ساڵنامەی تایبەت بە موسڵمانانی دانا، کە ئەویش ساڵنامەی کۆچی بوو.
خەلیفە عومەر لە ساڵی (٢٣)ی کۆچی شەهیدکرا.

مەدائین: پایتەختی دەوڵەتی ساسانی بوو کە دەکەوتە خوار بەغدای ئەمڕۆ لەسەر ڕووباری دیجلە، دەوڵەتی ساسانی حوکمی هەموو ئێران و عێراق و بەشی زۆری کوردستانی دەکرد.

تاقی کیسرا لە مەدائین

زانیاری :

ساڵنامەی کۆچی یەکێك بوو لە کارە گرنگەکانی خەلیفە عومەر کوڕی خەتتاب، لە ڕووداوی کۆچکردنی پێغەمبەر(د.خ) و موسڵمانەکانی شاری مەککەوە بۆ مەدینە دەست پێ دەکات و هەموو ساڵێك ی مانگی موحەڕەم بەسەرەتای ساڵی کۆچی دادەنرێت.

پرسیار : ئێستا ئێمە لە ساڵی چەندی کۆچی داین؟

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست نەخشە بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی سنووری دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە عومەر، قوتابییان دابەش بکە، بەسەر چەند گرووپێك و هەر گرووپە و زانیارییەک بنووسن ،دەربارەی خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب، ژیاننامە و کارەکانی لە پاشان زانیارییەکان بدەن لە وایت بۆرد بدەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن؟

هەڵسەنگاندن

_ ڕاست و چەوت دابنێ و هەڵەکان ڕاست بکەرەوە:

١- خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب یەکەم خەلیفەی ڕاشدینە.

٢- خەلیفە عومەر لە ساڵی (٢٣)ی کۆچی، شەهید کرا.

٣- هەموو ساڵێك ی مانگی ڕەمەزان بەسەرەتای ساڵی کۆچی دادەنرێت.

٤- پێغەمبەر محەممەد (د.خ) نازناوی (الفاروق)ی لە عومەر کوڕی خەتتاب ناوە، چونکە بە ئیسلامبوونی حەق و ناحەقی لێك جیا کردەوە.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز/ بەهاوکاریی خێزانەکەت بە (٤) دێڕ باس لە دادپەروەری بکە، نموونەی لە سەر بێنەوە:

نموونە / داپەروەری ئەوەیە هەر کەسێك گەندەڵی بکات، سزا بدرێت.

_ نادادپەروەری ئەوەیە گرنگیی بە خاوەن پێداویستیی تایبەت نەدرێت و مافیان بخورێت.

وانەی سێیەم:

٣. خەلیفە عوسمان کوڕی عەففان (٢٣ -٣٥)ی کۆچی:



سێیەم خەلیفەی ڕاشیدینە و ماوەی خەلافەتەکەی ١٢ ساڵ بوو، یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ)، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو و پارەی زۆری لە پێناو ئیسلام بەخشیوە. نازناوی (ذوالنورین) ی لێ نرا ، چونکە دوو کچی پێغەمبەر(د.خ) ی خواست بوو. ساڵی ٣٥ ی کۆچی شەهید کرا.

کارە گرنگەکانی خەلیفە عوسمان کوڕی عەففان:

١. بەردەوامبوون لە سەر فتوحات و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە چەند ناوچەیەکی وەك خوراسان و قەوقاز و دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست.

٢- دامەزراندنی یەکەم کەشتیگەلی موسڵمانان بۆ پاراستنی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە هێرش و پەلاماری بێزەنتییەکان.

٣- تەواوکردنی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، ئەو کارەی کە خەلیفە ئەبوبەکر الصدیق دەستی پێکردبوو.

٤- دامەزراندنی یەکەم کەشتیگەلی موسڵمانان بۆ پاراستنی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە هێرش و پەلاماری بێزەنتییەکان.

٥- تەواوکردنی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، ئەوکارەی کە خەلیفە ئەبوبەکر الصدیق دەستی پێکردبوو.

خوراسان و قەوقاز :

خوراسان لە سەردەمی ئێستادا ناوچەیەکە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، بەڵام لە سەردەمی ئیسلامدا ڕووبەری فراوانتر بوو لە پاڵ ئەم ناوچەیەی ئێران، وڵاتی تورکمانستان و ئەفغانستانیشی دەگرتەوە.

لە کاتێکدا ناوچەی قەوقاز (قەفقاس) هەموو ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە نێوان دەریای ڕەش و دەریای قەزوین (خەزەر)، لە ئێستادا ئازەربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا دەگرێتەوە لەگەڵ چەند کۆمارێکی سەر بە ڕووسیا.

چالاکیی ناوپۆل

نەخشە بەکاربهێنن بۆ دیاریکردنی ئەو وڵات و ناوچانە.

٤. خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب (٣٥ -٤٠)ی کۆچی:

چوارەم خەلیفەی ڕاشیدینە و زیاتر لە پێنج ساڵ خەلافەتی کردووە، ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) بوو، لە تەمەنی دە ساڵی باوەڕی بە ئیسلام هێنابوو، هەر لە ماڵی پێغەمبەر(د.خ) گەورە بووە.
(فاتیمە)ی کچی پێغەمبەری خواستووە کە هەردوو نەوەی پێغەمبەر(د.خ) (حەسەن و حوسێن)ی لێ بووە.

زانیاری :

خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بە زمانپاراوی و زانایی و شارەزایی و دادپەروەری و پارێزەری ماڵ و سامانی موسڵمانان ناسرا بوو. پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی لە شاری (مەدینە)وە گواستەوە بۆ شاری (کوفە) لە عێراق .
لە ماوەی خەلافەتی ئەودا چەندین شەڕ و فیتنەی ناوخۆ لە نێوان موسڵمانان ڕوویاندا، دواجار بووە هۆی شەهیدبوونی لە ساڵی (٤٠)ی کۆچی لە مزگەوتی گەورەی کوفە.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست قوتابییان دابەشی سەر چەند گرووپێک بکە، بۆ کارەکانی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب)، بەراورد لە نێوان کارەکانیان بکە، دواتر هەر گرووپە و زانیارییەکانیان کۆبکەنەوە و لەوایت بۆردی بدەن و نوێنەری گرووپەکان باسی بکەن.

هەڵسەنگاندن

بەراورد لە نێوان خەلیفەی ڕاشیدین (عوسمان کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب) بکە:

عوسمان کوڕی عەففان	عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز / بە هاوکاری خێزانەکەت بە(٧) دێر ڕای خۆت بەرامبەر ئەو کەسانەی دەوڵەمەندن و خێرخوازن دەربڕە:

نموونە/ کەسانی دڵسوزن لە ناو کۆمەڵگە و ڕێزیان لێدەگیرێت ....

بەندی شەشەم

هەردوو سەردەمی ئومەوی

(٤١ - ١٣٢کۆچی) و عەبباسی (١٣٢_٦٥٦ کۆچی)

ئامانجی فێربوون:

١_ خەلیفە بەناوبانگەکانی ئومەوییەکان و عەبباسییەکان بناسێت.

٢_ هەڵسەنگاندن بۆ کاری خەلیفەکانی ئومەوی و عەبباسی بکات.

٣-لێکدانەوە بۆ بارودۆخی سەردەمی عەبباسییەکان بکات.

٤_ شیکردنەوە بۆ سەردەمی ئەتابەگی و ئەیووبی بکات.



وانەی یەکەم:

سەردەمی ئومەوی (٤١ - ١٣٢ی کۆچی)

دوای شەهیدکردنی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات کە بەسەردەمی خەلافەتی ئومەوی ناسراوە و دەوڵەتی ئومەوی دادەمەزرێت، لە ساڵی (٤١)ی کۆچی تا ساڵی ١٣٢ی کۆچی بەردەوام بوو، لەم ماوەیەدا ١٤ خەلیفە حوکمڕانیان کردووە.

بەناوبانگترین خەلیفەکانی دەوڵەتی ئومەوی

١- مەعاویەی کوڕی ئەبوسفیان بە دامەزرێنەر و یەکەمین خەلیفەی ئومەوی دادەنرێ، شاری (دیمەشق)ی کردە پایتەخت، چەند دیوانێکی نوێی دامەزراند، بەناوبانگترینیان (دیوانی پۆستە و دیوانی مۆر) بوو. مەعاویە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات ،(یەزید) ی کوڕی کردە جێنشینی خۆی لە خەلافەت بە مەش سیستەمی پشتاوپشتی (الوراثة) جێگەی سیستەمی ڕاوێژکردن (الشوری) ی لە حوکمڕانی گرتەوە.

٢- عەبدولمەلیک کوڕی مەروان: فەرمانی دا بە دەرکردنی پارەیەکی نوێ بە ناوی سکەی ئیسلامی کە لەسەر لایەکی پارەکە نووسرا بوو: (بسم الله الرحمن الرحيم) و لەسەر لایەکەی تریش نووسرا بوو: (الله احد، الله الصمد) و ساڵی (٧٢) ی کۆچی مزگەوتی (قبة الصخرة)ی لە قودس دروست کرد.

٣- وەلید کوڕی عەبدولمەلیك: چەندین مزگەوت و کۆشك و تەلار و کاری بیناسازی ڕازاوە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبانی دروست کردووە،



وێنەی مزگەوتی گەورەی ئومەوی لە دیمەشق

گرنگترینیان مزگەوتی گەورەی ئومەوی لە دیمەشق بوو، هەروەها لە سەردەمی ئەو خەلیفەیەدا فتوحاتی ئیسلامی لە خۆرهەڵات گەیشتە سنووری چین و هیندستان و لە خۆرئاوا گەیشتە مەغریب و ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا).

٤- عومەری کوڕی عەبدولعەزیز یەکێك لە خەلیفە دیارەکانی ئومەوییەکان بوو، بە دادپەروەری و یەکسانی مامەڵە لەگەڵ خەڵك ناسرا بوو، بۆیە پێی دەگوترێ (خەلیفەی پێنجەمی ڕاشیدین)، چونکە پەیڕەوی ڕێبازی خەلیفەکانی ڕاشیدینی دەکرد لە حوکمڕانییدا و بنەماکانی ئایینی ئیسلامی پەیڕەو کرد.

ئومەوییەکان: بە ناوی باپیرە گەورەیان(ئومەییە کوڕی عەبد شەمسی قورەیشی)، ئەم ناوەیان لێ نراوە.

دیوانی پۆستە: بەکاری گەیاندنی نامەوە خەریک بوو.

دیوانی مۆر: کارەکەی مۆرکردنی نامە و کاغەزی فەرمیی دەوڵەت بوو.



وێنەی پارەی ئومەوییەکان

زانیاری :

ساڵی ١٣٢ ی کۆچی لە شەڕی زاب نزیك زێی گەورە لەسەر خاکی کوردستان عەبباسییەکان سەرکەوتنیان بەسەر ئومەوییەکان بەدەستهێنا و دواخەلیفەی ئومەوییەکان (مەڕوان کوڕی محەممەد) دواتر کوژرا، بەمەش دەوڵەتی ئومەوی ڕووخا و دەوڵەتی عەبباسی شوێنی گرتەوە.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست بە ڕێگای نەخشەی هزری، دەربارەی خەلیفەکانی ئومەوی و جێنشینە یەک لەدوای یەکەکانی حوکمڕانیان و بە بەکارهێنانی وێنەی فێرکاری دەربارەی ناوەرۆکی وانەکە بۆ قوتابییان ڕوون بکەرەوە، هەروەها قوتابییان بەسەر چەند گرووپێک دابەش بکە، هەرگرووپە و زانیاریەک کۆبکاتەوە، لە دواییدا نوێنەری گرووپ باسی بکات و بیدەن لە وایت بۆردەکە و قوتابییان پرسیار ئاراستەی ئەندامانی گرووپەکە بکەن، هەر گرووپێک وەڵامی زیاتری دایەوە خاڵێکی بۆ دابنرێت و ئەو گرووپە بە ئەستێرەی ئەم هەفتەیە

هەڵسەنگاندن

١. یەکەمین خەلیفەی ئومەوییەکان ناوی چی بوو؟

٢. ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە:

أ. خەلیفە .... بۆ یەکەم جار پارەی ئیسلامی لێ دا. (مەعاویە کوڕی ئەبو سفیان، عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان، وەلید کوڕی عەبدولمەلیك)

ب. دەوڵەتی ئومەوی لەسەر دەستی .... لەناو چوو. (ڕاشیدین، عەبباسییەکان)

٣_ بۆچی بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەگوترا خەلیفەی پێنجەمی ڕاشیدین؟

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز/ سیستەمی پشتاوپشتی واتە گواستنەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کورەکەی، جێگای سیستەمی ڕاوێژکردن (الشورا) ی گرتەوە، بە بڕوای تۆ ئایا ئەم جۆرە سیستەمە بۆ سەردەمی ئێستای حوکمڕانی گونجاوە؟ بۆچوونەکانت بە هاوکاریی ئەندامانی خێزانەکەت بنووسە بە (٥) دێڕ چۆن پێت باشە؟

وانەی دووەم:

سەردەمی عەبباسی (١٣٢ - ٦٥٦)ی کۆچی

دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئومەوییەکان، عەبباسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەمانە نەوەی (عەبباس)ی مامی پێغەمبەر (د.خ) بوون، ناوی دەوڵەتەکەشیان لە ناوی (عەبباس)ەوە هاتووە.

لە خەلیفە بەناوبانگەکانی عەبباسییەکان:

١ـ ئەبولعەبباس ئەلسەفاح :کە بەیەکەم خەلیفەی دەوڵەتی عەبباسی دادەنرێت.

٢ـ ئەبو جەعفەری مەنسور: کە بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی عەبباسی دادەنرێت، ٢٢ ساڵ حوکمڕانی کردووە، لە گرنگترین کارەکانی بریتی بوو لە بنیادنانی شاری (بەغدا) یان (شاری ئاشتی) ساڵی ١٤٥ی کۆچی بەشێوەیەکی خڕ (بازنەیی)، بۆیە بە شارەکە دەگوترا (المدينة المدورة) و پاشان کردییە پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی.

٣- هارون ڕەشید: چەندان کاری گرنگیی ئەنجامدا، ئەوەبوو بایەخی زۆری بە خوێندن و زانیاری دا و هەڵسا بە دروستکردنی خانەی دانایی (بيت الحكمة) و کتێبی زۆری تێدا کۆکردەوە، دوای هارون ڕەشید (مەئموون)ی کوڕی لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی ڕۆیشت و هانی خوێندن و زانستی دا.

٤- موعتەسەم بیللا: لە ساڵی ٢٢١ی کۆچی شاری (سامەڕا)ی بنیاد نا و کردیە پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی، لە سەردەمی خەلیفە (متەوەکل) ، (مەلویە) بەناوبانگەکەی سامەڕا بنیادنرا کە تاکو ئەمڕۆش شوێنەوارەکەی هەر ماوە.

نەخشەی شاری بەغدای کۆن

بارودۆخی دەوڵەتی عەبباسی:

دەوڵەتـی ئیسـلامی لەسـەردەمی عەبباسـییدا سـنووری زۆر فـراوان بـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی چەنـد خەلیفەیەکـی لاواز دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، ئـەوە بـوو ئـەم خەلیفانـە نەیانتوانـی پارێـزگاری لـەم سـنوورە فراوانـەی دەوڵەتـی عەبباسـی بکـەن، ئـەوەش ڕێـگای بـۆ هەنـدێ هێـزی تـر خۆشـکرد کـە دەست بەسـەر بەغـدای پایتەختـدا بگـرن و جڵـەوی دەسـەڵات بگرنـە دەسـت، بـێ ئـەوەی دەوڵەتـی عەبباسـی بڕوخێنـن و کۆتایـی بـە خەلافەتـی عەبباسـی بێنـن، لـەو هێزانـەش بوەیهییـەکان و سـەلجوقییەکان بـوون.

بوەیهییـەکان نەتەوەیەکـی ئێرانـی بـوون لـە باشـووری خۆرئـاوای دەریـای قەزویـن (خـەزەر) دەوڵەتێکیـان دامەزرانـد و سـاڵی (٣٣٤)ی کۆچـی توانیـان بەغـدا داگیـر بکـەن، تـا سـاڵی (٤٤٧) ی کۆچـی کاتێـك سـەلجوقییە تورکـەکان دەسـتیان بەسـەر بەغـدا دا گـرت و شـوێنی بوەیهییەکانیـان گرتـەوە.
سـەلجوقییەکـان لـە خێـڵە تـورکەکـانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا بـوون دوای دەسـتگرتنیان بەسـەر بەغـدا سـاڵی (٤٤٧)ی کۆچـی دەوڵەتێکـی مەزنیـان دامەزرانـد کـە حوکمڕانـی ناوچەیەکـی فراوانـی دەکـرد.




نەخشەی دەوڵەتی عەبباسی

خاچ دروشمەکان: بریتی بوون لەو نەتەوە جیاوازانەی کە لە ئەوروپاوە هێرشیان هێنایە سەر خاکی موسڵمانانەکان و کەنارەکانی وڵاتی شام و شاری ڕوها (ئورفە)یان لە باکووری کوردستان داگیر کرد، چونکە هێمای خاچ(سەلیب)یان لەسەر جلەکانیان نەخشاندبوو، بۆیە ئەم ناوەیان لێ نراوە.



دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان ئەوە بوو دەوڵەتی (ئەتابەگی)ی تورکمانی لە لایەن (عیمادەدین زەنگی) لە شاری مووسڵ ساڵی ٥٢١ی کۆچی دامەزرا، پاشان دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە فراوان بوو دوای ئەوەی توانییان دەست بگرن بەسەر چەندین ناوچەی وەك هەولێر و ئامێدی و شەنگال و نسێبین و حەڕان و حەلەب. دواتر (عیمادەدین زەنگی) هەموو توانای خۆی تەرخانکرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خاچ دروشمەکان و توانی شاری ڕوها(ئورفە) لە باکووری کوردستان لەژێر دەستیان ڕزگار بکات. دوای کوژرانی ئەوە بوو (نورەدین زەنگی)ی کوری جێگای دەگرێتەوە و لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی بەردەوام دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی خاچ دروشمەکان.

(خاچ دروشمەکان)یش دەستیان بەسەر هەندێك لە خاکی موسڵمانان داگرتبوو، سەرکردەی موسڵمانی کورد (سەلاحەددینی ئەیبووبی) بە پاڵپشتی سەرکردە و هۆزە کورد و موسڵمانەکان ڕووبەڕوویان بۆوە و ناوچەیەکی زۆری خاکی موسڵمانانی لە وڵاتی شام لە ژێر دەسەڵاتی ئەو خاچ دروشمانە دەرهێنا.



زانیاری :

لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا (شەڕی مەلازگرد) نزیك شاری موش لە باکووری کوردستان ڕوویدا ساڵی (٤٦٣ی کۆچی / ١٠٧١ی زایینی) ئەوەبوو سوپای سەلجوقییەکان بەسەرکردایەتیی سوڵتان (ئەلب ئەرسەلان) توانیان سەرکەون بەسەر سوپای ڕۆمە بێزەنتییەکان بە سەرکردایەتیی ڕۆمانۆسی چوارەم. ئەم شەڕە بە خاڵی وەچەرخان دادەنرێ بۆ تورکەکان، چونکە دوای ئەم شەڕە، لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ئەنادۆڵ(تورکیا) کۆچیان کرد.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز/ بەبەکارهێنانی نەخشە و وێنەی فێرکاری، ناوەڕۆکی وانەکە بۆ قوتابییان ڕوون بکەرەوە، دەربارەی سەردەمی (عەبباسییەکان) و قوتابییان بەشداری پێ بکە لەسەر وایت بۆرد بۆ ناوی خەلیفەکانی ئەم سەردەمە و لەپاشان کارتۆنێکی بچووک بهێنە و داوا لەقوتابییان بکە پرسیار دروست بکەن و بیکەنە ناو کارتۆنەکە و دوو دوو قوتابی هەڵبستێنە بۆ دەرهێنانی پرسیارێک و قوتابی دووەم وەڵام بداتەوە، لەپاشان ئەگەر هاتوو وەڵامی پێویستی نەزانی ئاراستەی هەمووان بکرێت، ئەو قوتابییەی زۆرترین زانیاری زانی، خاڵێکی بۆ دابنرێت، لە کۆتاییدا خاڵەکان هەژمار بکرێن و بۆ ئەوهەفتەیە بە ئەستێرەی پۆل دابنرێ.

هەڵسەنگاندن

ئەم دەستەواژانە هەڵەن ڕاستیان بکەرەوە:

١. یەکەم خەلیفەی عەبباسی ناوی ئەبوجەعفەری مەنسوور بوو.

٢. شاری بەغدا لە لایەن خەلیفە هارون ڕەشید بنیاد نرا.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز/ بۆچی دەوڵەتی عەبباسی هەرچەندە سنووری دەسەڵاتیان فراوان بوو، بەڵام ڕووخا؟ بە هاوکاریی هاوڕێ نزیکەکەت، یاخود ئەندامانی خێزانەکەت بە (٦) خاڵ بۆچوونەکانت بنووسە، نموونە

١- چەند خەلیفەیەکی لاواز دەسەڵاتیان گرتە دەست .

٢-

٣-

٤-

٥-

٦-

وانەی سێیەم:

سەلاحەددینی ئەیووبی و دەوڵەتی ئەیووبی


وێنەی سەلاحەددینی ئەیووبی

سەرکردەی موسڵمانی کورد سوڵتان (سەلاحەددینی ئەیووبی) لە تیرەی ڕەوادی (ڕەوەند)ی سەر بە عەشیرەتی (هەزبانی) کورد بوو. ساڵی(٥٦٧)ی کۆچی(١١٧١)ی زایینی (دەوڵەتی ئەیووبی)ی لە میسر دامەزراند، پاشان وڵاتی شام و باکووری سوودان و باکووری خۆرهەڵاتی لیبیا و ناوچەکانی یەمەن و حیجاز و بەشی زۆری کوردستانی خستە پاڵ دەوڵەتەکەی. لە شەڕی بەناوبانگی حەتین (حطین) توانی بە یارمەتی هۆز و تیرە و سەرکردە کورد و موسڵمانەکان سەر بکەوێ بەسەر (خاچ دروشمەکان) و شارەکانی فەڵەستین یەك لە دوای یەك ڕزگار بکات، گرنگترینیان شاری(قودس) بوو. دوای مردنی سوڵتان سەلاحەددین ئەم دەوڵەتە لە لایەن برا و برازاکانییەوە بەڕێوە دەچوو، تا ساڵی (٦٤٨ ی کۆچی-١٢٥٠زایینی) بە دەستی (مەمالیکەکان) ڕووخا.


شەڕی حەتین (حطین)

زانیاری :

لەسەردەمی سەلجوقییەکان (شەڕی مەلازگرد) نزیك شاری موش لە باکووری کوردستان ڕوویدا ساڵی (٣٦٤ی کۆچی / ١٧٠١ی زایینی)ئەوەبوو سوپای سەلجوقیەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان (ئاڵب ئەرسەلان) توانیان سەرکەون بەسەر سوپای ڕۆمە بێزەنتییەکان بەسەرکردایەتی ڕۆمانۆسی چوارەم. ئەم شەڕە بۆ تورکەکان بە خاڵی وەچەرخان دادەنرێ، چونکە دوای ئەم شەڕە لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ئەنادۆڵ(تورکیا) کۆچیان کرد.

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست/ بەبەکارهێنانی نەخشە و وێنەی فێرکاری دەربارەی ناوەڕۆکی وانەکە بۆ قوتابیان ڕوونبکەرەوە دەربارەی سەردەمی (عەباسییەکان) و قوتابییان لەسەر وایت بۆرد بەشداری پێبکە بۆ ناوی خەلیفەکانی ئەم سەردەمە و لەپاشان کارتۆنێکی بچووك بهێنە و داوا لەقوتابییان بکە پرسیار دروست بکەن و بیکەنە ناو کارتۆنەکە و دوو دوو قوتابی هەڵبستێنە بۆ دەرهێنانی پرسیارێك و قوتابی دووەم وەڵامی بداتەوە، لەپاشان ئەگەر هاتوو وەڵامی پێویستی نەزانی پرسیارەکە ئاراستەی هەمووان بکرێت، ئەو قوتابییەی زۆرترین زانیاری زانی خاڵێکی بۆ دابنرێ، لەکۆتاییدا خاڵەکان هەژمار بکرێ و ئەم قوتابییە بۆ ئەوهەفتەیە بەئەستێرەی پۆل دابنرێت.



هەڵسەنگاندن

ئەم دەستەواژانە هەڵەن ڕاستیان بکەرەوە:

١. یەکەم خەلیفەی عەباسی ناوی ئەبوجەعفەری مەنسور بوو.

٢. شاری بەغدا لەلایەن خەلیفە هارون ڕەشید بنیادنا.

چالاکیی ماڵەوە

قوتابی ئازیز/ هەرچەندە دەوڵەتی عەبباسی سنوری دەسەڵاتیان فراوان بوو، بەڵام ڕووخا؟ بە هاوکاری هاوڕێ نزیکەکەت یاخود ئەندامانی خێزانەکەت بە (٦) خاڵ بۆچوونەکانت بنووسە، نموونە:

-١ چەند خەلیفەیەکی لاواز دەسەڵاتیان گرتەدەست .

-٢

-٣

-٤

-٥

وانەی چوارەم:

میرنشینی بەکتەکینی لە هەولێر

ئـەم میرنشـینە لە سـەردەمی ئەتابەگی ساڵی (٥٢٢)ی کۆچـی لە هەولێر دادەمـەزرێ لە جێگەی میرنشـینی هەزبانی، ناوبانگی ئەم میرنشینە زیاتر بـۆ حاکمـی هەولێـر (سـوڵتان موزەفەرەددین گۆکبـۆرۆ) دەگەڕێتەوە، کە سـاڵی (٥٨٦)ی کۆچی تـا سـاڵی (٦٣٠)ی کۆچی حوکمڕانی کـردووە، لە سـەردەمی ئـەو سـوڵتانەدا هەولێـر گەیشـتە ئەوپـەڕی پێشـکەوتن لـە بـواری ئابـووری و ئاوەدانـی و خوێنـدن، سـوڵتان موزەفەرەددین بـە یەکـەم فەرمانـڕەوا دادەنـرێ لەهەمـوو جیهانی ئیسـلامی کە سـاڵانە یادی لەدایکبوونی پێغەمبـەر(د.خ) ی کردۆتەوە.

دوای ئـەوەی کـە (نورەددیـن زەنگـی) کۆچی دوایی دەکات، سـوڵتان سـەلاحەددینی ئەییوبی لـە میسـرەوە دەوڵەتـی ئەییوبـی ڕادەگەیەنێ و، دوای ئـەوە دێتـە دیمەشـق وسوڵتـان موزەفەرەددیـن پەیوەنـدی پێـوە دەکات و بەخـۆی و بە لەشـکرەکەی کە زیاتر لـە کوردانی هەولێر پێکهاتبوون دەبنە بەشـێك لە سـوپاکەی سـوڵتان سـەلاحەددین و لەشـەڕەکانی خـاچ دروشـمەکاندا ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینن.

لـە گرنگتریـن شـوێنەوارەکانی سـەردەمی ئەتابەگـی و ئەییووبـی بریتیـن لـە منارەی چۆلی(منـارەی موزەفەرییـە) لـە هەولێـر و منـارەی داقووق و منـارەی حەدباء لە مووسـڵ و منـارەی شـەنگال.

لاوازبوونی دەوڵەتی عەبباسی:

دەوڵەتـی عەبباسـی ڕۆژبـەڕۆژ بـەرەو لاوازی دەچـوو بەهـۆی چەندیـن هـۆکار، گرنگترینیان بایـەخ نەدانـی هەندێـك لـە خەلیفەکانـی عەبباسـی بـە بەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵەت و ژیانـی خەڵك، لـە ئەنجامدا سـاڵی (٦٥٦)ی کۆچی / (١٢٥٨)ی زایینـی لـە لایـەن مەغـۆل و تاتار (کە گەلێکی ئاسـیایی بـوون) کۆتاییان بە دەسـەڵاتی عەبباسـی هێنا.

زانیاری :

ڕۆڵی زانایانی کورد لە بنیادنانی شارستانێتی ئیسلامی

لە سەردەمی عەبباسییەکاندا هەموو ئەو نەتەوانەی ببونە موسڵمان وەك (کورد و فارس و تورك و ...هتد)، هەریەکە و ڕۆڵی خۆیان لە پێشخستنی دەوڵەتی ئیسلامی گێڕا و بەشداری کارایان لە شارستانێتی ئیسلامی کرد، بۆیە لەم ماوەیەدا چەندین زانا و دانای موسڵمانی کورد لە هەموو بوارەکاندا دەرکەوتن وەك (ئیبن سەڵاح شارەزووری و دینەوەری و ئیبن حاجب کوردی و ئیبن مستەوفی ئەربیلی و ئیبن خەلەکان ئەربیلی و ئیبن ئەثیر جزیری و ئیبن تەیمیە حەڕانی و ...هتد).

چالاکیی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست بە وێنەی فێرکاری بابەتی وانەکە بۆ قوتابییان ڕوون بکەوە، لەپاشان داوا لە قوتابییان بکە پرسیار دروست بکەن و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە.

- هۆکاری لاوازیی دەوڵەتی عەبباسی چی بوو؟
- سەرکردەی موسڵمانی کورد سوڵتان (سەلاحەددینی ئەییووبی) لە تیرەی ڕەوادی (ڕەوەند)ی سەر بەعەشیرەتی (هەزبانی) کورد بوو.

هەڵسەنگاندن

١. ناوی هەندێ لەو نەتەوە موسڵمانانە بژمێرە کە لەسەردەمی عەبباسی ڕۆڵیان هەبووە.
٢. سەلاحەددینی ئەییووبی کێ بوو؟ خزمەتی چی بە دەوڵەتی ئیسلامی کرد؟
٣. گرنگترین کارەکانی سوڵتان موزەفەرەددین گۆگبۆرۆ بژمێرە.
٤. دەوڵەتی عەبباسی بە دەستی چ هێزێك ڕووخا؟

چالاکیی ماڵەوە

قوتابیی ئازیز چەندین زانا و دانای موسڵمانی کورد لە هەموو بوارەکاندا دەرکەوتن وەك ئیبن سەڵاح شارەزوری و دینەوەری و ئیبن حاجب کوردی و ئیبن مستەوفی ئەربیلی و ئیبن خەلەکان ئەربیلی و ئیبن ئەثیر جزیری ......) بە هاوکاری خێزانەکەت بە ٧ دێڕ دەربارەی یەکێك لەو زانایانە بنووسە.

وەرزی دووەم:

بەشی جوگرافیا

جوگرافیای هەرێمی کوردستان - عێراق



نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی جوگرافیا

قۆناغ: بنەڕەتی **پۆل:** پێنجەم

بابەت: جوگرافیا **وانەی:**

ڕێکەوت:

ناونیشان: ڕووەکی سروشتی **(٥ خولەك)**

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەكارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەكردن و سەرنجراكێشانی قوتابییان پێش ئەوەی بچێتە ناو بابەتی وانەكە.

نموونەیەك لە شێوازەكان:

١_ لە وەرزی بەهاردا زۆربەی ڕووبەری زەوی سەوز دەبێت، بۆچی؟

٢_ ناوی چەند ڕووەك دەزانی بەبێ ئەوەی مرۆڤ بیانچێنێت، سەوز دەبن؟

٣_ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو

٤_ بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ

٥_ خستنەڕووی بابەتی وانەكە.

ئامانجی تایبەت:

١_ ڕووەكی خۆڕسك بناسێت.

٢_ ناوچە و هەرێمەكانی ڕووەكی خۆڕسك لە هەرێمی كوردستان بزانێت.

٣_ شیكردنەوە بۆ هۆیەكانی كەمبوونەوەی دارستانەكانی هەرێمی كوردستان بكات.

٤_ هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی ڕووەكی خۆڕسك بكات.

هۆیەكانی فێركردن:

- پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ (ماجیك).
- تەختەی سپی (وایت بۆرد).
- دروستكردنی خشتە بۆ لێكچوون و جیاوازیكردن.
- بەكارهێنانی كاغەزی A4.
- وێنەی فێركاری پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەبێت.
- بەكارهێنانی هەر كەرستە و ئامرازێكی تر لە كرداری فێركردن كە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەبێت.

خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانە گوتنەوە و چالاکییەکان: **(٢٥ خولەك)**

مامۆستا ناونیشانی بابەتی وانەکە و ڕێکەوت و ڕۆژەکە و وانەکە لەسەر (وایت بۆرد) بنووسێت، بەشێوازی کتێبی کراوە قوتابییان بە گرووپ بەشێك لە بابەتەکە بخوێننەوە، دواتر هەر گرووپێك یەکێك لەم بابەتانەی خوارەوە هەڵدەبژێرن، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکەن، دواتر لە لایەن نوێنەری گرووپ زانیارییەکان دەخرێنەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت:

١ـ ڕووەکی خۆڕسك. ٢ـ هەرێمی ڕووەکی خۆڕسکی ناوچە شاخاوییەکان. ٣ـ هەرێمی کورتەگیای خۆڕسك. ٤ـ هۆکاری کەمبوونەوەی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان. ٥ـ گرنگیی ڕووەکی خۆڕسك.

هەڵسەنگاندن: **(٥ خولەك)**

ـ هەمان پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی ناو کتێبەکە لە بابەتی ڕووەکی خۆڕسك دەکرێن.

پوختەی وانە: **(٥ خولەك)**

ـ ڕووەکی خۆڕسك ئەو ڕووەکانەن کە لە خۆیانەوە و بەبێ دەستکاریکردنی مرۆڤ دەڕوێن، ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچە دابەش دەکرێن کە ئەوانیش ناوچەی شاخاوی و ناوچەی کورتەگیای خۆڕسکە.

ئەرکی ماڵەوە:

لە کتێب ئاماژەی پێ کراوە، بۆ وانەی داهاتوو پێداچوونەوە و بەدواداچوون بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.

پێڕستی بەشی جوگرافیا

بەندی یەکەم

جوگرافیای سروشتی و مرۆیی هەرێمی کوردستان

وانەی یەکەم :هەرێم

وانەی دووەم: شوێن و سنووری هەرێمی کوردستان


ئامانجی فێربوون:

١-جوگرافیای سروشتی و مرۆیی هەرێمی کوردستان بزانێت.
٢-پێناسەی هەرێم بکات.
٣-ڕوونکردنەوە بکات بۆ هەرێمی کوردستان .
٤-هەڵسەنگاندن بۆ تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکات .

وانەی یەکەم:

هەرێم

هەرێم: بریتییە لە ڕووبەرێکی زەوی، کە بە چەند دیاردەیەکی جوگرافی (سروشتی و مرۆیی) لە هەرێمەکانی دەوروبەری جیا دەکرێتەوە.



نەخشەی سروشتیی هەرێمی کوردستانی عێراق

زاراوەی کوردستان:

ئەم زاراوەیە لە دوو بڕگە پێك دێت (کورد، ستان).

کورد: ناوی نەتەوەی کوردە، ئاری نەژادە. بڕگەی دووەم پاشگرەکەیەتی، وشەکە تەواو دەکات، مانای نیشتمانە، واتە نیشتمانی کوردان، یا بەو ناوچانە گوتراوە کە کوردنشین بوون و ئێستاش کوردنشینن، واتە خاکی کوردان.

شوێنی هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان :

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەشی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی عێراق، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٩٠٠٠٠)کم٢ دادەنرێت، کە دەکاتە ٢٠٪ ڕووبەری عێراق.



نەخشەی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی نەخشەی عێراق

زانیاری

ئاری نەژاد: بە ڕەچەلەکی هەموو ئەو نەتەوانە دەگوترێت کە هەمان سەرچاوەی زمان و کولتووری (هیندۆئەورووپی)یان هەیە، لەوانەش نەتەوەی کورد.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ نەخشەی جیهان ئامادە بکە و داوا لە قوتابییان بکە شوێنی عێراق و هەرێمی کوردستان دیار بکەن، بە بەکارهێنانی نەخشەی کارگێڕیی جیهان زانیاری بۆ قوتابییان ڕونبکەرەوە دەربارەی هەرێم و شوێن و پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشە و قوتابییان پرسیار ئاراستەی یەک بکەن و وەڵامەکان لەسەر وایت بۆرد بنووسرێنەوە.

هەڵسەنگاندن:

١_ چەمکی هەرێم چییە؟

٢- ڕووبەری هەرێمی کوردستان چەندە؟

چالاکیی ماڵەوە:

_ قوتابیی ئازیز زاراوەی کوردستان چی دەگەیەنێت؟ بە ئارەزووی خۆت چەند وشەیەکی جوان بنووسە و پێشکەشی کوردستانی بکە؟

وانەی دووەم: شوێن و سنووری هەرێمی کوردستان

هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە بەشـی باکـوور و باکـووری خۆرهەڵاتـی عێـراق، بەرزاییەکانـی حەمریـن هەرێمـی کوردسـتان لـە هەرێمەکانـی تـری عێـراق جیـا دەکاتـەوە، لـە (بـەدرە)وە دەسـت پـێ دەکات تـا دەربەنـدی (فەتحـە) کـە ڕووبـاری دیجلـەی پێـدا تێدەپەڕێـت، لـە وێـوە لەگـەڵ ڕووبـاری دیجلـە هەڵدەکشـێت تـا دەگاتـە شـاری مووسـڵ، لەوێشـەوە بـەرەو خۆرئـاوای قـەزای شـەنگال تـا سـنووری سـووریا دەکشـێت. لـە باکـوور تورکیـا و لـە خۆرهـەڵات ئێـران، لـە باکـووری خۆرئـاوا وڵاتـی سـوورییایە.



نەخشەی کارگێڕی عێراق و هەرێمی کوردستان


پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە جلوبەرگی نەتەوەییانەوە

تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان:

١. زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کوردن. لەگەڵ کوردیش تورکمان، کلدان سریان ئاشوور، عەرەب و ئەرمەن دەژین.

٢. لە ڕووی ئاینییەوە زۆربەی دانیشتوانی هەرێم موسڵمانن، بەڵام مەسیحی (کریستیان) و ئێزدی، زەردەشتی، بەهائی و سابیئەی مەندائی و کاکەیی، (جوو)شی تێدا یە.

٣. خاکی کوردستان چیا و زوورگ و دەشتی زۆری تێدایە، کە هەندێك لە چیاکان زۆر بەرزن.

٤. ئاووهەوای هەرێم لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق جیاوازە، بارانی زۆرترە و بەفری لێ دەبارێت و پلەی گەرمی نزمترە.

٥. سامانێکی ئاوی زۆریی هەیە وەك ڕووبار و تاڤگە و کانی و کارێز.

سروشتی هەرێمی کوردستان

زانیاری

سنوور: ئەو هێڵە خەیاڵییەیە کە خاکی دوو وڵات لە یەکتر جیا دەکاتەوە و بە هێڵی سوری پچڕپچڕ لەسەر نەخشە دیاری دەکرێت.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ نەخشەی هەرێمی کوردستان لە پۆل ئامادە بکە ، دواتر داوا لە قوتابییان بکە نەخشەی هەرێمی کوردستان بکێشن و وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانی لەسەر دیاری بکەن، پاشان (٧) قوتابی هەڵبژێرە بە ڕێگای نمایش گوزارشت لە نەتەوە و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بکەن وەك ئاماژەیەك بۆ پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان.

هەڵسەنگاندن:

١-سنوور چییە؟
٢- وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان بژمێرە؟
٢- دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە چەند نەتەوە و پێکهاتە پێکدێن؟

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ بە هاوکاریی ئەندامانی خێزانەکەت بۆ ئەوەی باشترین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، وڵاتانی جیهان، چ بکرێت باشە، بە ٥ خاڵ بینووسە؟بۆ نموونە:
١-ڕێز لە هاوڵاتییەکانیان بگرین .
-٢
-٣
-٤
-٥

بەندی دووەم

ڕووی زەویی هەرێمی کوردستان

وانەی یەکەم: ناوچەی شاخاویی هەرێمی کوردستان

وانەی دووەم: ناوچەی زوورگ (ناوچەی بان و گرد)

ئامانجی فێربوون:

١- شیکردنەوە بۆ ڕووی زەویی هەرێمی کوردستان بکات.

٢-بەراورد لە نێوان ناوچەی شاخاویی و بەرزونزمی بکات.

٣- هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی ناوچەی شاخاوی بکات.

٤-گرنگیی ناوچەی زوورگ بزانێت.

ڕوستێ

وانەی یەکەم:

ڕووی زەویی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی زەوییەوە دیاردەی هەمە جۆر لە بەرزی و نزمی لەخۆ دەگرێت. وەك:

یەکەم: ناوچەی شاخاوی

ناوچەی شاخاوی ڕێژەی (٢٥٪) ڕووبەری هەرێم پێك دەهێنێت، بەرزیی چیاکانی ناوچەی شاخاوی لە نێوان (١٥٠٠ - ٣٦٠٠)م دایە. بەسەر دوو زنجیرە چیادا دابەش دەکرێن.

لوتکەی هەڵگورد



أ. زنجیرە چیای باکوور (شاخە بەرزەکان):

بـە درێژایـی سـنووری هەرێـم لەگـەڵ وڵاتانـی تورکیـا و ئێـران درێـژ دەبێتـەوە، گرنگتریـن چیـای ئـەم زنجیرەیـە بریتیـن لـە چیـای (شـیرین لـە پارێـزگای هەولێـر، قەندیـل لـە پارێزگای سـلێمانی، شـەڕانش لـە پارێـزگای دهـۆك ، هەورامـان لـە پارێـزگای هەڵەبجە...هتـد).

ب. زنجیرە چیای باشوور (شاخە نزمەکان):

ئـەم زنجیرەیـە دەکەوێتـە باشـووری خۆرئـاوای زنجیـرە چیـای باکـوور، بەرزاییـان لـە زنجیـرەی چیـای باکـوور کەمتـرە، گرنگتریـن چیاکانـی ئـەم زنجیرەیـە بریتییـن لـە (چیـای ئاکـرێ لـە پارێـزگای دهـۆك، سـەفین لـە پارێـزگای هەولێـر و قـەرەداغ لـە پارێـزگای سـلێمانی... هتـد).



گرنگیی ناوچەی شاخاوی

١. ساڵانە بەفر و بارانی زۆری لێ دەبارێت، دەبێتە سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی.
٢.بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی و فێنکیی ئاووهەواکەی لە هاویندا بۆتە شوێنی گەشتوگوزار (هاوینەهەوار و گەشتیاریی زستانە).
٣. زۆری ڕووەکی خۆڕسك و گژوگیا وای کردووە ببێتە لەوەڕگا بۆ بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ (مەڕومالاّت، ڕەشەوڵاخ ....هتد).
٤. بەسامانی کانزا سروشتییە جۆرا و جۆرەکان دەوڵەمەندە، بە تایبەتی نەوت.
٥. ناوچەیەکی گرنگیی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵییە.

ناوچەی شاخاوی

زانیاری

بەرزترین لوتکە لە هەرێمی کوردستان (لوتکەی هەڵگوردە دەکەوێتە چیای حەساری ڕۆستێ، بەرزییەکەی ٣٦٠٧مەترە).

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ بەوێنە و نەخشەی ڕووی زەویی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی بە قوتابی بناسێنە و گفتوگۆ لەسەر گرنگیی ناوچەی شاخاوی بکەن و دواتر قوتابییان بە گرووپ ئەمانە پۆلێن بکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

چیای سەفین	چیای شیرین

دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای چیای قەرەداغ	چیای هەورامان

بەرزاییان کەمترە	لە گەڵ وڵاتانی تورکیاو ئێران درێژ دەبێتەوە

زنجیرە چیای باکوور	زنجیرە چیای باشوور
....	....
....	....
....	....
....	....

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

١ـڕووی زەویی هەرێمی کورستان دابەش دەبێت بەسەر چەند ناوچە ؟ (٢، ٤، ٦، ٨).

٢ـ زنجیرەچیاکانی باکوور شاخە (بەرزەکان) کە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر وەک؟ (شیرین، شەڕانش، هەورامان، قەندیل).

٣-زنجیرە چیای (شاخە نزمەکان)کە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی وەک: (چیای سەفین، چیای ئاکرێ ، چیا ی قەرەداغ).

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ کاریگەریی ناوچە شاخاوییەکان لەسەر ئاووهەوا چییە؟ بەچەند دێڕێك باسی بکە.

وانەی دووەم:

ناوچەی زوورگ (ناوچەی بان و گرد)

دووەم: ناوچەی زوورگ (ناوچەی بان و گرد)

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باشووری ناوچەی شاخاوی، ڕووبەری ئەم ناوچەیە ڕێژەی (٧٥٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت. ئەم ناوچەیە بەوە دەناسرێتەوە کە بەرزییان لە ناوچەی شاخاوی کەمترە، لەم ناوچەیە چەندین دەشت و بانی تێدایە وەك: (دەشتی مەخموور، دەشتی هەولێر، بانی کەرکووك).

گرنگیی ناوچەی زوورگ

١. سامانێکی زۆری نەوتی تێدایە بە تایبەتی ناوچەکانی (کەرکووك، هەولێر و گەرمیان).
٢. بەهۆی بوونی چەندین دەشتی بەپیتی فراوان وەك (دەشتی سندی لە دهۆك، شارەزوور لە هەڵەبجە، بیتوێن لە سلێمانی، هەریر لە هەولێر) ب ەناوچەیەکی گرنگیی چاندنی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) دادەنرێت.
٣. لەبەر زۆریی گژوگیا بۆتە لەوەڕگایەکی فراوان بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات.

ناوچەی زوورگ

زانیاری

زوورگ : ئـەم ناوچەیـە بریتییــە لـە کۆمەڵێـك گـرد و دۆڵ و دەشــت و بـان، لەبـەر کەمیـی جیاوازیــی شــێوەی زەوییەکــەی، پێــی دەڵێـن زوورگ.

چالاکیی ناوپۆل:

ماملۆسـتای خۆشەویسـت/ قوتابییـان دابـەش بکـە بەسـەر چەنـد گرووپێـک هـەر گرووپـە و باسـی گرنگییەکـی ناوچـەی زوورگ بکـەن و گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن، لـە پاشـان وەڵامـەکان لەسـەر وایـت بـۆرد هەڵبواسـن، دەکرێـت مامۆسـتا گەشـتێك بـۆ قوتابییـان رێـك بخـات و سـەردانی نزکتریـن ناوچـە بـکات، کـە بـەرزی و نزمـی تێـدا بێـت و بـۆ قوتابییەکانـی ڕوون بکاتـەوە.

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی راست هەڵبژێرە ؟

١-ڕووبـەری ناوچـەی زوورگ ڕێـژەی ....ی ڕووبـەری هەرێمـی کوردسـتان پێـک دەهێنێـت. (٧٥٪، ٦٥٪ ، ٥٥٪ ، ٤٤٪).

٢-ناوچـەی زوورگ سـامانی نەوتـی زۆری تێدایـە بەتایبەتـی ناوچەکانـی ....(سـلێمانی، هەڵەبجـە، دهـۆک ، کەرکـووک).

٣-ناوچـەی زوورگ چەنـد دەشـتێکی تێدایە لە پارێزگای هەولێر وەک دەشـتی..................(شـارەزوور، بیتوێـن، هەریر، سـندی).

چالاکیی ماڵەوە:

هەرێمـی کوردسـتان ٧٥٪ی ناوچـەی زوورگە، بـە بـڕوای تـۆ ئـەم ناوچەیـە سـوودی بـۆ دانیشـتوان هەیـە؟ لەگـەڵ ئەندامانـی خێزانەکـەت شـرۆڤەی ئـەم بابەتـە بکـە و بۆچوونەکانـت بـە (٤) خـاڵ بنووسـە.

١_ لەوەڕگایەکی فراوانە بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات. (نموونە)

٢-

٣-

٤-

بەندی سێیەم/

ئاووهەوای هەرێمی کوردستان

وانەی یەکەم: ئاووهەوای هەرێمی کوردستان لە وەرزی زستان و هاویندا.

وانەی دووەم: هەرێمەکانی ئاووهەوای هەرێمی کوردستان.

ئامانجی فێربوون:

١-هەڵسەنگاندن بۆ ئاووهەوای هەرێمی کوردستان بکات.

٢-بەراورد لە نێوان ئاووهەوای وەرزی(زستان و هاوین)دا بکات.

٣-ئاووهەوای هەرێمی کوردستان پۆلێن بکات.

وانەی یەکەم:

ئاووهەوای هەرێمی کوردستان
لەوەرزی زستان و هاویندا



وەرزی زستان

ئاووهـەوای هەرێـم بـە گشـتیی لـە زسـتاندا سـارد و باراناوییـە و بەهاوینیـش گـەرم و وشـکە، مـاوەی هـەردوو وەرزی زسـتان و هاویـن درێـژە. پلـەی گەرمـی لـە بەهـار و پایـزدا مامناوەندییـە.

یەکەم: ئاووهەوا لە وەرزی زستاندا:

زسـتانی هەرێمـی کوردسـتان سـاردە، بـاران و بەفربارینـی زۆرە، بـەڵام بە گوێـرەی سـاردی ورێـژەی دابارینـی هەنـدێ ساڵ گۆڕانـی بەسـەردا دێـت، لـەم وەرزەدا شـەو درێـژە و ڕۆژ کورتە، هەروەها لە ناوەڕاستی وەرزەکـە پلـەی گەرمـی نـزم دەبێتـەوە، هەندێـک جـار دەگاتـە پلـەی بەسـتن.

دووەم : ئاووهەوای لە وەرزی هاویندا

هاوینــی هەرێمــی کوردســتان گــەرم و وشــکە، ڕۆژ درێــژە و شــەو کورتــە، پێچەوانــەی وەرزی زســتانە، بــەڵام ناوچە شــاخاوییەکان (کوێســتانەکان) بەگشــتی فێنکــن، لەبەرئــەوەی لــەم وەرزەدا دەبنــە ناوچەیەکــی گەشــتوگوزاری و لەوەڕگــە بــۆ ئاژەڵــدارەکان، هەرچــی بەشــەکانی باشــووری هەرێــم کــە گەرمیــان (گەرمەســێر)ە، ئاووهــەوای گەرمــە.

وەرزی هاوین

زانیاری

باران بارین لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی ئەیلوول (٩) دەست پێ دەکات تا کۆتایی مانگی مایس(٥) بەردەوام دەبێت، لە ناوچە شاخاوییەکان بەفریش دەبارێت، کە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ قوتابییان دابەشی سەر چەند گرووپێک بکە و هەر یەک لەم گرووپانە ئاووهەوای وەرزێک باس بکەن، وێنەی ئەو وەرزە بکێشن و لە وایت بۆردی بدەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن.

هەڵسەنگاندن:

١-ئاووهەوای هەرێمی کوردستان بەگشتی چۆنە؟

٢-بەزستان شەو ....و ڕۆژ..............................ە

٣-ئاووهەوا لە ناوچە شاخاوییەکان (کوێستانەکان)........................ە.

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز / چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی پلەی گەرما لە شارەکان؟ بەچەند دێڕێک بیرۆکەکانت بنووسە.

نموونە :

- دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی.

–

–

–

–

وانەی دووەم: هەرێمەکانی ئاووهەوای هەرێمی کوردستان

ئاووهەوای هەرێمی کوردستان دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١. هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست: ئەم هەرێمە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. کە زستانی سارده و بەفر و باران دەبارێت و هاوینیشی فێنکە.

٢. هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر: ئەم هەرێمە دەشتایی و زوورگەکان دەگرێتەوە، زستانی مامناوەندی و بارانیشی کەمترە لە هەرێمی دەریای ناوەڕاست، هاوینیشی وشك و گەرمە. لەم هەرێمەدا کورتە گیای لێ دەڕوێت. بۆیە پێی دەوترێت (هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر).

ئاووهەوای گەرمەسێر

زانیاری

ئاووهەوای هەرێمی دەریای ناوەڕاست: زاراوەیەکە بەو ناوچانە دەوترێت کە بارانبارین و پلەی گەرمی و بایەکانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەریای ناوەڕاست.
دەریای ناوەڕاست (دەریایەکە دەکەوێتە نێوان هەر سێ کیشوەری ئاسیا، ئەفریقیا و ئەوروپا)، بۆیە پێی دەگوترێت دەریای ناوەڕاست واتە ناوەڕاستی هەر سێ کیشوەرەکە.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست / بە بەکارهێنانی نەخشەی جیهان بۆ قوتابییان ڕوونبکەرەوە کە کاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست لەسەر ئاووهەوای هەرێمی کوردستان چییە، دواتر قوتابییان بکە بە گرووپ، جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو هەرێمە بنووسن؟

هەڵسەنگاندن:

قوتابییان پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن؟

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ ئەگەر ئاووهەوای هەرێمی کوردستان هەمووی وشک و گەرم بوایە چی ڕووی دەدا؟ پێشبینییەکانت بە چەند دێڕیک بنووسە .

- ئاوی خواردنەوەی پاک زۆر کەم دەبوو ....
....

بەندی چوارەم:

ڕووەکی خۆڕسك

ئامانجی فێربوون:

١-ڕووەکی خۆڕسک بناسێت.

٢-هەرێمەکانی ڕووەکی خۆڕسک دەستنیشان بکات.

٣-شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی کەمبوونی ڕووەکی خۆڕسک بکات.

٤-لێکدانەوە بۆ گرنگیی ڕووەکی خۆڕسک بکات.

وانەی یەکەم:

ڕووەکی خۆڕسك (سروشتی)

ڕووەکی خۆڕسك (سروشتی):-

ئەو ڕووەکانەن کە لە خۆیانەوە و بەبێ دەسکاریکردنی مرۆڤ دەڕوێن، بەڵام کارلێکردنی نێوان ئاووهەوا و ڕووی زەوی و خاك دەبێتە هۆی جیاوازیی دابەشبوونی هەرێمەکانی ڕووەکی خۆڕسك. هەرێمەکانی ڕووەکی خۆڕسك لە هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچە دابەش دەبن:-

١- هەرێمی ڕووەکی خۆڕسکی ناوچەی شاخاوی: ئەم ڕووەکانە لە بەشی باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان (ناوچەی شاخاوی) دەڕوێن. لە شێوەی دارستانی چڕ بەدیار دەکەون وەکو (داربەڕوو، گێوژ، سنەوبەر، چنار، گوێز، مازوو، دارەبەن، و سماق...هتد) داری بەڕوو لە هەموو دارەکانی تر زۆرترە.

٢. هەرێمی کورتەگیای خۆڕسك: ئەم ڕووەکانە لە جۆری کورتە گیا لە ناوچەی زوورگ و دەشتەکان بە دیاردەکەون، بە تایبەتی دوای بارانبارین لە کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهار.

کورتە گیای خۆڕسك

گرنگیی ڕووەکی خۆڕسك

١. خاك لە ڕووتانەوە و ڕامالّین دەپارێزێت.

٢. وەك سـووتەمەنی بەکاردەهێنرێـت بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشـت لێنان.

٣.سـوود لـە بەرهەمـی هەندێکیـان وەردەگیرێـت، چ بـۆ خـواردن یـا بـۆ دروسـتکردنی دەرمـان.

٤. بـۆ دروسـتکردنی کەلوپەلـی ناومـاڵ بەکاردەهێنرێـت.

٥. دیمەنێکـی سروشـتیی جـوان بـە ژینگـەی هەرێـم دەبەخشـێت.

هۆکاری کەمبوونەوەی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان:

١. جیاوازیـی ڕێـژەی داباریـن لە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـر کار دەکاتە سـەر ڕووەکی خۆ ر سك .

٢. بڕینی دارستانەکان لە لایەن (مرۆڤەوە).

٣. سیاسـەتی ڕژێمـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـڕاق، کاریگەریـی زۆری هەبـووە بـۆ لەناوبردنی سـامانی ڕووەکی خۆڕسـك، بۆیە تا ئێستا ئەم سـامانە گرنگە نەیتوانیـوە زیانـەکان قەرەبـوو بکاتەوە.



شاربازێر

زانیاری

ژینگـە ئـەو ناوەندەیـە کـە زیندەوەرانـی تیـادا دەژیـن، ڕووەکـی خۆرسـك بەشـێکە لـەو ژینگەیـە، بۆیـە دەبێـت بیپارێزیـن.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت قوتابییـان بەسـەر چەنـد گرووپێـک دابـەش بکـە، هـەر یەکێکیـان ڕوونکردنـەوە لەسـەر کاریگەریـی ئـەو دیاردانـە لەسـەر ڕووەکـی خۆڕسـك بـدەن.





گرنگیی ڕووەکی خۆڕسک




هەڵسەنگاندن:

١-دوو لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان بنووسە ؟


٢- دوو لەسوودەکانی ڕووەکی خۆڕسک بنووسە؟







ڕووەکی خۆڕسک



هۆکارەکانی کەمبوونەوەی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان

چالاكیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ بەهاوكاریی خێزانەكەت (٥) لە سوودەكانی یەكێك لەڕووەكە خۆڕسكەكان بنووسە، بۆ نموونە سوودەكانی تۆڵەكە :

- بۆ نەخۆشی پوک و ددان بە سوودن .

-

-

-

-



بەندی پێنجەم:

سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان

وانەی یەکەم: سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان

وانـەی دووەم: پـرۆژە گرنگەکانـی دەستبەسـەرداگرتن و ئـاو گلدانـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان

ئامانجی فێربوون:

١- شیکردنەوە بۆ سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بکات.

٢-جیاوازیی لە نێوان دابەشبوونی ئاوی هەرێمی کوردستان بکات .

٣-پرۆژەی دەست بەسەرداگرتنی ئاو پۆلێن بکات .

٤-کێ پرۆژەی بەنداو ئامادە بکات؟

بەنداو

وانەی یەکەم:

سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان

کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی هەرێم و بەرزی و نزمیی خاکەکەی.
لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاو دەوڵەمەندە، **سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بەسەر سێ شێوە دابەش دەکرێن:**

١. بەفر و باران
٢. ئاوی سەر زەوی
٣. ئاوی ژێر زەوی

١- بەفر و باران: بەفر و باران بە سەرچاوەی سەرەکیی سامانی ئاو دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان وەك (ڕووبار و دەریاچە و کانیاو)، چونکە لە کوردستان ساڵانە لە وەرزی زستاندا بەفر و بارانێکی زۆر دەبارێت، هەروەها لە وەرزی پایز و بەهاریش باران دەبارێت.

٢. ئاوی سەر زەوی: کوردستان بە ئاوی سەر زەوی دەوڵەمەندە، چونکە ڕووباری دیجلە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت، هەر پێنج لقەکانی دەڕژێنە سەر وەك (زێی خابوور، زێی گەورە، زێی بچووك، زێی ڕۆخانە (عوزێم) و زێی سیروان (دیالە)، جگە لە گەلێك سەرچاوەی کانی و کارێز لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.

٣- ئاوی ژێر زەوی:
بریتییە لە ئاوی ئەو باران و بەفرە تواوەی کە بەناخی زەویدا دەچێتە خوارەوە و لە چینەکانی ژێر زەوی گلدەخواتەوە و کۆ دەبێتەوە. بە دوو ڕێگا دێتەوە سەر زەوی، بەشێوەی سروشتی وەك (کانیاو وسەرچاوەکانی) یا بەهۆی دەستکاریی مرۆڤەوە وەك (بیر و کارێز).

سروشتی کوردستان داپۆشراو بە بەفر


سامانی ئاوی سەر رووی زەوی لە
هەرێمی کوردستانی عێراق

بەنداو
رووبار
دەریاچە
چەمە وەرزیەکان

1:2600 000

نەخشەی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان

زانیاری



/١ کارێـز لـە کۆمەڵـە بیرێـك پێـك دێـت و لـە ژێـرەوە بـە یەکتـر بەسـتراون تـا ئاوەکـە دەگاتـە سـەر زەوی.
/٢ گـۆی زەوی ٢/٣ی بـە ئـاو داپۆشـراوە، بـەڵام تەنها ٣٪ ئـاوی سـازگارە.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت / قوتابییـان دابـەش بکـە بەسـەر چەنـد گرووپێـک، هـەر گرووپێـک زانیـاری لـە سـەر سـەرچاوەیەکی ئـاو بنووسـێت و نوێنەرێکـی گرووپ بـاس لـە زانیارییەکانی گـرووپ بکات، لەپاشـان بـەراوردی بکـەن، لەسـەر پارچـە کاغەزێکـی بچـووک بینووسـن و بـە وایـت بـۆرد هەڵیبواسـن. چـۆن دەتوانرێـت سـامانی ئـاو بپارێزیـن و بـە فیـڕۆی نەدەیـن؟ دواتـر گفتوگـۆ بکرێـت .

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

١- کۆمەڵـە بیرێکن بەیەکـەوە بەسـتراون لەژێـر زەوی بریتییـە لـە (کارێـز، بیـر، کانیـاو، ئـاوی سەرزەوی)

٢-سەرچاوەی ئاوی هەرێمی کوردستان چەند جۆرە؟ (٣، ٥، ٧، ٩)

٣-گۆی زەوی چەندەی بە ئاو داپۆشراوە؟ (نیوەی ، دوو لەسەر سێی ، هەمووی ، یەک بەش)

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیـی ئازیـز / بـە هاوکاریـی خێزانەکـەت (٥) دێـڕ دەربـارەی گرنگیـی ئـاو بـۆ ژیانـی ڕۆژانەمـان بنووسـە.

وانەی دووەم:

پڕۆژە گرنگەکانی دەستبەسەرداگرتن و گلّدانەوەی ئاو لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکی ئاوگلدانەوە هەن و چەندینی تر لە ژێر دروستکردندان.

١. بەنداوی دوکان:

لەسەر زێی بچووك دروست کراوە لە پارێزگای سلێمانی.

٢. بەنداوی دەربەندیخان:

لەسەر زێی سیروان (دیالە) دروستکراوە.

٣. بەنداوی حەمرین:

لەسەر زێی سیروان (دیالە) لە پارێزگای دیالە دروست کراوە.

٤. بەربەستی دووبز:

لەسەر زێی بچووك لە پارێزگای کەرکووك دامەزراوە. بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی زێی بچووکە تا بە ئاسانی ئاو بگاتە جۆگەکانی ژوور بەربەستەکە کە لەمبەر و لەوبەری رووبارەکە بۆ ئاودێری لێدراون.

٥. بەنداوی دهۆك.

٦. بەنداوی (گۆمەسپان) و بەنداوی (سماقولّی) و چەند بەنداوێکی تر لە ژێر دروستکردندان.

بەنداوی دەربەندیخان

سوودەکانی بەنداو:

١. بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

٢. بۆ گەشتوگوزار و سەیران.

٣. بۆ دوورخستنەوەی شارەکان لە مەترسیی لافاو.

٤. بۆ گلدانەوەی ئاو و بەکارهێنانی لە ئاودێریی کشتوکاڵ.

٥. بۆ بەخێوکردنی سامانی ماسی.

بەنداو

زانیاری

بەنداو بریتییە لە دروستکردنی بەربەست لە دۆڵەکان بۆ گلدانەوەی ئاو بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و گەشتوگوزار...هتد.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست / لەگەڵ قوتابییەکان پرۆژەیەک ئەنجام بدە لەسەر بەنداو، دەکرێ لە ناوپۆل یان لە گۆڕەپان یان لە هەر شوێنێکی گونجاوی قوتابخانە بێت، پێویستە سەرجەم قوتابییان لە دروستکردنی کەرەستەکان بەشدار بن .

١-تەشتێک، یاخود کەرەستەیەکی گونجاو . ٢-ئاو ٣-کۆمەڵێک بەرد ٤-گڵ ٥-دار

هەڵسەنگاندن:

١-بەنداوی دەربەندیخان لەسەر زێی .... دروست کراوە (دوکان، سیروان (دیالە)، زێی بچووك، زێی گەورە)

٢-دوو لەسوودەکانی بەنداو بنووسە ؟ ١. ....، ٢. ....

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ ئەو پرۆژە بەنداوەی لە قوتابخانە ئەنجامتان دا بە وێنە یان کارتۆن یاخود هەر شتێک کە لەتوانای تۆ دابێت، ئامادەی بکە.

بەندی شەشەم:

جوگرافیای مرۆیی

دانیشتوانی هەرێم و شارە گرنگەکانی

وانەی یەکەم: دانیشتوانی هەرێم

وانـەی دووەم: گرنگتریـن شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان(هەولێـر، سـلێمانی، هەڵەبجـە، کەرکـووك، دهـۆك)

ئامانجی فێربوون:

١-دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پۆلێن بکات .

٢-شیکردنەوە بۆ زۆربوونی دانیشتوان بکات.

٣-شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان بناسێت.



وانەی یەکەم:

دانیشتوانی هەرێم

دانیشتوان :


بریتییـە لـە کۆمەڵـە کەسێك کـە لـە شـوێنێك دەژیـن. بەهـۆی گرنگیـی شـوێن و هەڵکەوتـە و بەپیتیـی خاکـی هەرێمـی کوردسـتان هـەر لـە کۆنەوەمـرۆڤ تیایـدا نیشـتەجێ بـوون و لـە پیشـەی جۆراوجـۆر کاریـان کـردووە وەك :

(کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی و جگەلە کارکردن لە دامودەزگاکانی میری).

دانیشـتوانی هەرێمی کوردسـتان نزیکەی (حەوت ملیـۆن کەسە). لە شـار و شارۆچکە و گونـدی پارێزگاکانـی (هەولێـر، سـلێمانی، هەڵەبجـە، کەرکـووك، دهـۆك و بەشـێك لـە پارێـزگای مووسـل و دیالە) نیشـتەجێ بـوون.

گەشەی دانیشتوان:

زۆربوونـی دانیشـتوان لـە ئەنجامـی زۆربوونـی ژمـارەی لـە دایکبـوون و کەمبوونەوەی ڕێـژەی مردنـە، بەمـەش دەوترێـت زۆربوونـی سروشـتی، هەروەهـا کۆچکـردن هۆکارێکـی تـرە بـۆ زیادبوونـی دانیشـتوان، چونکـە گواسـتنەوەی دانیشـتوان لـە جێگایەکـەوە بـۆ جێگایەکـی تـر، کار دەکاتـە سـەر ژمـارەی دانیشـتوان.



زانیاری

دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر جیـاوازە، لـە ئەنجامـی بوونـی کۆمەڵێـك هـۆکار کـە پێـی دەگوترێـت (هۆکارەکانـی دابەشـبوونی دانیشـتوان وەکـو کـەش و ئاووهـەوا، بـەرزی و نزمـی، سـەرچاوەکانی ئـاو، سـەرچاوەکانی کانـزا و وزە (سـامانی سروشـتی).

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت/ دوو قوتابـی بەیەکـەوە بەشـداری پـێ بکـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئەمانـەی خـوارەوە:

١- دانیشتوان چییە؟

٢- ئەو پیشانە چین بەگشتی کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کاریان تێدا کردوە؟

٣- ئەو ناوچەیە کوێیە کە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لێی نیشتەجێن؟

٤- ئایا کۆچکردن کاریگەری لەسەر زۆربوونی دانیشتوان هەیە؟

هەڵسەنگاندن:

أ- وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

١-ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکەی چەند ملیۆن کەسە ؟ (٣ ، ٥، ٧، ٩)

٢- چی دەبێتە هۆی زیادبوونی دانیشتوان؟ (کۆچکردن، لەدایکبوون، کەمیی مردن، هەمووی ڕاستە)

ب -ئایا دابەشبوونی دانیشتوان لەهەموو ناوچەکان وەک یەکە؟ بۆچی؟

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیـی ئازیـز / پێشـبینییەکانت بنووسـە ئەگـەر هاتـوو دانیشـتوانی هەمـوو گوندەکانـی هەرێمـی کوردسـتان کـۆچ بکـەن و لەشـار نیشـتەجێ بـن، چـی ڕوو دەدات؟ بـە (٥)دێـڕ پێشـبینییەکانت بنووسـە.

وانەی دووەم:

شارەکانی هەرێمی کوردستان

(هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکووک،



نەخشەیەکی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان

هەولێر:

شارێکی مێژوویيە و پایتەختی هەرێمی کوردستانە، کەوتۆتە دەشتێکی فراوان و ناوەندی کارگێڕی و دامودەزگای حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بە بازرگانی و پیشەسازی و بەروبوومی کشتوکاڵی وەك (گەنم و جۆ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات) بەناوبانگە. لەم ساڵانەی دواییدا نەوتێکی زۆری لێ دۆزراوەتەوە کە پێگەی ئابووریی هەولێر و کوردستانی گرنگ کردووە. گەلێ شوێنەواری مێژوویی تێدایە وەك قەڵا و منارە و گردی قالینچ ئاغا.



شاری هەولێر

سلێمانی:

بە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. مەڵبەندێکی گرنگیی بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و ڕۆشنبیری و کارگێڕییە. بە کانزای هەمەجۆر و بە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و گوڵەبەڕۆژە و میوەی جۆراو جۆر بەناوبانگە.

شاری سلێمانی

هەڵەبجە:

لە ساڵی ٢٠١٤ بە بڕیاری حکوومەتی هەرێم بوو بە پارێزگا. مەڵبەندێکی ئابووریی گرنگە، چونکە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، ناوچەیەکی کشتوکاڵی و گەشتیارییە، لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە مێژووی کورد، چەندین کەسایەتی لێ هەڵکەوتووە وەك عادیلە خانم، ئەحمەد موختار جاف و چەندین کەسایەتیی تر.

شاری هەڵەبجە

کەرکووك:

شارێکی دێرینە و مەڵبەندییێکی ئابووریی گرنگە، دەوڵەمەندترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتییە لە کوردستان و عێراق، دانیشتوانەکەی لە چەند نەتەوەیەك پێك دێت کە زۆرینەی کوردن ، هەروەها (تورکمان و عەرەب و کلدان سریان ئاشوور و ئەرمەن و بەهائی)تێدا دەژیت. ئەم شارە بە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و لۆکە بەناوبانگە.



وێنەی شاری کەرکووك

شاری کەرکوک

دهۆك:

شوێنێکی جوگرافیی گرنگیی هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە هاوسنووری وڵاتی تورکیایە و بۆتە دەروازەی هەرێم و عێراق بۆ بازرگانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی دەرەوە.

بە ناوچەیەکی گەشتیاریی گرنگ دادەنرێت کە ساڵانە گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن. لە ڕووی کشتوکاڵیشەوە بە بەرهەمهێنانی میوەی هەمەجۆر بەناوبانگە.

شاری دهۆك

زانیاری

شار بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی دانیشتوان، کە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تێدا دابین کراوە.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست /قوتابییان دابەشی سەر چەند گرووپێک بکە و هەر یەکێکیان شیکردنەوە لەسەر شارێک بکەن بەپێی ئەم لایەنانەی خوارەوە؟
(کارگێڕی، بازرگانی، گواستنەوە، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، دانیشتوان، نەتەوە، ئایین، شوێنەوارە مێژووییەکان)،
- دواتر لە لایەن نوێنەری گرووپ شیکردنەوەکان بخرێنەڕوو؟

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

١-شاری هەولێر گەلێک شوێنەواری بەناوبانگی هەیە وەک ؟ (قەڵا، سەرچنار، پردی دەلال ، لالش)
٢-شارێکی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٤ بە بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو بەپارێزگا ؟(کەرکوک ، هەڵەبجە، دهۆک، زاخۆ)
٣-شارێکی گرنگە و بە پایتەختی ڕۆشنبیری دادەنرێت؟ (سلێمانی، ڕانیە، دهۆك، کەرکووک).

چالاکیی ماڵەوە:

١- قوتابیی خۆشەویست/ چ بیرۆکەیەکت هەیە لە نێوان هەموو شارەکانی کوردستان گواستنەوە و گەیاندنیان هەبێت، بۆ نموونە:
١- پەیوەندیی لە ڕێگای تۆڕی ئەنتەرنێتی نیشتیمانی.
-٢
-٣
-٤
٢- وێنەی دیاردەیەک، یاخود هێمایەکی بەناوبانگ لە شارەکەت، یا ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژی بکێشە؟ نموونە وێنەی پردێک، یان چیایەک، یاخود شوێنەوارێکی مێژوویی یان ئایینی .


بەندی حەوتەم:

چالاكییە ئابوورییەكانی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان

وانەی یەكەم: كشتوكاڵ
وانەی دووەم: سەوزە و میوە
وانەی سێیەم: ئەو بەروبوومانەی كە دەچنە پیشەسازییەوە.
وانەی چوارەم: سامانی ئاژەڵ

ئامانجی فێربوون:

١-كشتوكاڵ بناسێت.
٢-هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان بكات.
٣-جۆرەكانی سەوزە و میوە پۆلێن بكات .
٤-جیاوازیی لە نێوان بەروبوومی زستان و بەروبوومی هاوینە بكات.
٥-ڕوونكردنەوە بۆ ئەو بەروبوومانە بكات كە دەچنە بواری پیشەسازییەوە.
٦-شیكردنەوە بۆ گرنگیی سامانی ئاژەڵ بكات .




وانەی یەکەم:

کشتوکاڵ

هەر لە کۆنەوە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خەریکی پیشەی کشتوکاڵکردن بوون تاکوو ئێستا، بە نموونە گوندی چەرمۆ بە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی دادەنرێت کە تاوەکوو ئێستا شوێنەواری ماوە. هەرێمی کوردستان ئاووهەواکەی لەبارە و خاکی بەپیتە، زۆریی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی ئەمانە هۆکاری سەرەکیی بەرهەمهێنانی هەمەچەشنەی بەروبوومە لە هەرێمی کوردستان.

بەروبوومە کشتوکاڵییەکان



١- دانەوێڵە

ا- گەنم

بەروبوومێکی زستانەیە لە کۆتایی وەرزی پایز دەچێنرێت، وەرزی دروێنەش لە کۆتایی مانگی ئایار و سەرەتای مانگی حوزەیران دەست پێ دەکات.

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چاندنی گەنم بەشێوەی (دێمی) واتە پشت بە باران دەبەستێت، زۆری و کەمی دابارین کاریگەریی لەسەر رێژەی داهاتی بەروبووم هەیە.

لە هەرێمی کوردستان چەندەها جۆر گەنم دەچێندرێت وەك (ئەدەنە، رەشگوڵ، گوڵرووت، مەکسیپاك، فریزی...هتد).

وێنەیەکی گەنم

ب- جۆ

بەروبوومێکی زستانەیە وەك گەنم لە کۆتایی وەرزی پایز دەچێنرێت و لە کۆتایی وەرزی بەهار دروێنە دەکرێت. جیاوازیی جۆ لەگەڵ گەنم ئەوەیە کە جۆ زیاتر بەرگەی کەمبارانی دەگرێت و لە خاکی کەم پیت و سوێر گەشە دەکات، بۆ خۆراك و ئالیکی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەچێتە ناو هەندێك پیشەسازی.



وێنەی جۆ

ج- چەڵتووك (برنج)

بەروبوومێكی هاوینەیە پێویستی بە پلەی گەرمی بەرز و ئاوی زۆر هەیە. بە خۆراكی سەرەكیی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان و عێراق دادەنرێت.
مەرەزەكردن (كشتوكاڵی برنج) لە هەرێمی كوردستان لە بازیان و ئاكرێ و هەریر و چەندین جێگای تر دەكرێت.

وێنەی كێڵگەی برنج

د- گەنمەشامی

بەروبوومێكی هاوینەیە، دوو جۆری هەیە (سپی و زەرد) لە زۆربەی پارێزگاكانی هەرێم بە رێگای ئاودێری دەچێنرێت، وەك ئالیكی پەلەوەر و ئاژەڵ بەكار دەهێنرێت و دەچێتە هەندێ پیشەسازییەوە، بە تایبەتی پیشەسازیی رۆن.

كێڵگەی گەنمەشامی

زانیاری

کەرتی کشتوکاڵی بە بنچینەی پەرەپێدانی ئابووری دادەنرێت، سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکی بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ دانیشتوان.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ قوتابییان بەسەر چەند گرووپێک دابەش بکە، بە گوێرەی وەرز یاخود جۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکەو هەر گرووپە و زانیاری لەسەر بەروبوومێک بنووسن و لەگەڵ وێنەکەی لە وایت بۆردی بدەن، یاخود نموونەی ئەو بەروبوومانە بۆ قوتابییان ئامادە بکە و دابەشی سەر گرووپەکانی بکە هەتا زانیاری دەربارەی بنووسن.

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە ؟

١-پێناسەی کشتوکاڵ بکە؟

٢-گەنم کەی دەچێنرێت ؟ (کۆتایی پایز، سەرەتای پایز، ناوەڕاستی پایز، هیچیان).

٣-جیاوازیی لەنێوان جۆ و گەنم بکە؟

٤-چەڵتووک (برنج) بەروبوومێکی هاوینەیە، بۆ چاندنی پێویستی بە پلەی گەرمی چۆنە؟ (بەرز ، نزم ، مامناوەند ، هیچیان)

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ هەرێمی کوردستان تا چ ڕادەیەک گونجاوە بۆ کشتوکاڵکردن و لە چ ئاستێکدایە (بەرز، نزم، مامناوەند)؟ ئایا دەتوانێت بەروبوومە سەرەکییەکانی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات؟ گەر نەخێر بوو، بۆچی؟ تێبینییەکانت بە(٥)خاڵ بنووسە.

١-زۆربەی بەروبوومەکان لە دەرەوەی هەرێم هاوردە دەکرێن .

٢-

٣-

٤-

٥-

وانەی دووەم:

٢. سەوزە و میوە:

٢. سەوزە و میوە:

أ- سەوزە

لە گرنگییدا لە دوای دانەوێلە دێت، بە خۆراکی سەرەکیی مرۆڤ دادەنرێت، کە بایەخی زۆری هەیە و لەسەر خوانی نانخواردن دادەنرێت.

سەوزە دوو جۆری هەیە:

١- سەوزەی هاوینە

ئەو بەروبوومانە دەگرێتەوە کە لە وەرزی هاویندا پێ دەگەن، وەك (تەماتە، بامیە، خەیار (ئاروو).. هتد.

بەڵام لە کاتی ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی زانستی، هەندێك بەروبووم لە هەموو وەرزەکانی ساڵ لە خانووی (پلاستکی) دا بەرهەم دەهێنرێن وەك (تەماتە، خەیار، بیبەر، باینجان ....هتد).

٢- سەوزەی زستانە

ئەم جۆرە بەروبوومانە لە وەرزی زستاندا پێ دەگەن، وەك (شێلم، چەوەندەر، کەلەم، قەرنابیت، تور و سلق ...هتد).

ب- میوە

کوردستان هەر لە کۆنەوە بە میوە بەناوبانگ بووە، لە میوە بەناوبانگەکانی ئەم ناوچەیە (ترێ، سێو، هەنجیر، هەنار، هەرمێ، هەڵوژە، گوێز و باوی ...هتد). میوەی کوردستان بە زۆری لە وەرزی هاوین پێ دەگات. مزرەمەنیش لە کوردستان دەچنرێت بە تایبەتی لە پێدەشتەکانی گەرمەسێر لە شارەکانی (خانەقین و مەندلی) وەك (پرتەقاڵ، لیمۆ، نارنج، و ترنج ...هتد).



وێنەی سەوزە و میوە

زانیاری



خانووی پلاستیکی: شێوازێکی نوێی چاندنە بۆ چاندنی چەند جۆرێکی سەوزە و میوە لە ناو خانووی پلاستیکی، کە دەیپارێزێت لە ڕەگەزەکانی کەش و هەوای نالەبار (ساردی و گەرمی) و دابینکردنی بڕی ئاوی پێویست، لە وەرزی جیاوازدا.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ داوا لە قوتابییان بکە چەند جۆرێك لە سەوزە و میوە لە پۆل ئامادە بکە بە گوێرەی وەرزەکانیان پۆلێنیان بکەن، هەروەها ئاماژە بە سوودەکانیان بکەن و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانی سەردانی کێڵگەیەکی کشتوکاڵی یاخود نەمامگەیەکی خانووی پلاستیکی بکات لە نزیك شوێنەکەی خۆیان بۆ زیاتر سوودوەرگرتن و ئاشنابوونیان بەشێوەی پراکتیکی (کرداری) لەسەر ئەو بەروبوومە.

هەڵسەنگاندن:

نیشانەی ڕاست و هەڵە دابنێ هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:

١-سەوزە بەروبوومێکی گرنگە لەپێش دانەوێڵە دادەنرێت.

٢ -مزرەمەنی لە کوردستان ناچێندرێت، چونکە ئاوو هەواو خاکەکەی گونجاو نییە.

٣-چەوەندەر بەروبوومێکی هاوینەیە.

٤-سەوزە دوو جۆری هەیە یەکەم سەوزەی زستانە، دووەم سەوزەی هاوینە.

چالاکییماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ بەهاوکاریی ماڵەوە، لەو سەردەمەدا هەموو میوەکان دەست دەکەون بەهۆی خانووی پلاستیکییەوە، ئایا کارێکی باشە یاخود نا؟ بۆچوونەکانت بە چەند خاڵێك ڕوون بکەوە. نموونە تاڕادەیەک باشە، بەڵام لەهەمان کاتدا سوودێکی تەواوی نییە، چونکە لە وەرزی خۆی بەرهەم نەهاتووە.

-١

-٢

-٣

-٤

-٥

وانەی سێیەم:

ئەو بەروبوومانەی دەچنە بواری پیشەسازییەوە.

٣. ئەو بەروبوومانەی کە دەچنە پیشەسازییەوە.

مەبەست لەو بەروبوومانەیە کە وەك کەرەستەیەکی خاو لە پیشەسازیدا بەکار دەهێنرێن، وەك :

أ- لۆکە

بەروبوومێکی هاوینەیە، لە بەرهەمە نەختینەییە گرنگەکان دەژمێردرێت و چاندنی لە مانگی ئازار و نیسان دەست پێدەکات و لە سەرەتای پایز دەدورێتەوە. گرنگیی ئابووری هەمەلایەنەی هەیە، لە پیشەسازی ڕستن و چنیندا بەکار دەهێندرێت، دەنکەکەشی دەگوشرێت، ڕۆنی لێ دەردەهێنرێت، قەد و گەڵاکەشی بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت. پارێزگای کەرکووك بە بەرهەمهێنانی لۆکە بەناوبانگە.



ب- گوڵەبەڕۆژە

بەرهەمێکی هاوینەیە، بەزۆری لە دەشتەکانی بیتوێن و پشدەر و ناوچە جیاجیاکانی تری هەرێمی کوردستان دەچێنرێت. گرنگیی گوڵەبەڕۆژە لە پیشەسازیی ڕۆنی ڕووەکدا بەکار دەهێنرێت و پاشماوەکەشی بۆ ئالیکی ئاژەڵ سوودی لێ وەردەگیرێت.



ج- کونجی:

بەروبوومێکی هاوینەیە، بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت وەك خواردن و دروستکردنی شیرینی و دەرهێنانی ڕۆن، هەروەها دروستکردنی تەحین(ڕاشی) .



٤. بەروبوومەکانی ئالیك:

وێنجە و سێپەرە بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکار دەهێنرێن، لە ناوچە بەراوەکان دەچێنرێن، بەتایبەتی لە دەوروبەری شارەکان. بێجگە لەمانە (جۆ)ش وەك ئالیك بۆ ئاژەڵ بەکار دەهێنرێت.



زانیاری

بەرهەمـە نەختینەییـەکان ئـەو بەرهەمانـەن کـە بـە مەبەسـتی قازانجکـردن دەچێنرێـن، ئـەم زاراوەیـەش بـۆ جیاکردنـەوە لـە کشـتوکاڵی خۆبژێـوی بەکاردێـت، لـە گرنگتریـن بەروبوومـە نەختینەییـەکان (برنـج و گەنـم و زەیتـوون و لۆکەیـە).

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت/ بـە وێنـە یاخـود بابەتـی بەرجەسـتە بەقوتابییـان پیشـان بـدە تایبـەت بەوانەکـە، بـۆ نموونـە (لۆکـە، تووتـن، کونجـی)، یاخـود قوتابـی دەست نیشان بکـە بەشـێوازی نوانـدن بـۆ ئـەو بەروبوومانـەی دەچنـە پیشەسازییەوە باسیان بکـەن و دواتـر گفتوگـۆ بکـەن .

هەڵسەنگاندن:

١-لۆکە بەروبوومێکی گرنگە، لەکام وەرز دەچێنرێت ؟ (هاوین، زستان، پایز، بەهار)
٢-گوڵەبەڕۆژە لەدەشتەکانی کوێ دەچێنرێ ؟ (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، بیتوێن)
٣-ڕووەکێکی گرنگە بۆ ئالیکی ئاژەڵ . (وێنجە و سێپەرە، تۆڵەکە، کەنگر، ڕێواس)

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیـی ئازیـز / ئایـا هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی پیشەسـازییەوە پێشـکەوتووە، یاخـود نا؟ وەڵامەکـەت بـە (٤)دێـڕ بنووسـە.

وانەی چوارەم:

سامانی ئاژەڵ

ئەو ئاژەڵانەی لە هەرێمی کوردستان بەخێو دەکرێن:

١. مەڕ

لە ئاژەڵە گرنگەکانی هەرێمی کوردستانە، مەڕی کوردی بە ڕەنگی سپی و خوریی درێژ و زبر ناسراوە، سوود لە شیرەکەی وەردەگیرێت و دەکرێتە چەندین جۆر بەرهەم وەك (ماست، پەنیر، کەرە، سەرتوو، ...هتد) و سوود لە گۆشت و خوریەکەشی وەردەگیرێت.

دەشتەکانی هەولێر و حەمرین و ناوچەکانی سلێمانی و دهۆك بۆ بەخێوکردنی مەڕ بەناوبانگن.


٢. بزن

ئاژەڵێکە دەتوانێت لە دەشت و شاخ و لەوەڕگەی کەم گیا بژیت، چونکە توانای جوڵەی خێرای هەیە و خۆراکی خۆی پەیدا دەکات، بەرگەی نەخۆشیی دەگرێت، سوود لە شیر و گۆشت و مووەکەی وەردەگیرێت.



٣. مانگا (ڕەشەوڵاخ)

مانگا لەو ئاژەڵانەیە کە سوود لە شیر و گۆشت و پێستەکەی وەردەگیرێت، هەرێمی کوردستان شوێنێکی لەباری هەیە بۆ بەخێوکردنی مانگا، بە تایبەتی لە دەشت و دۆڵی ناوچە شاخاوییەکان، چونکە گژوگیای درێژ و چڕی زۆرە.



نەخشەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان

زانیاری

لە هەرێمی کوردستان چەندەها کارگەی گەورەی پیشەسازی دامەزران بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی سپیایی بە هەموو جۆرەکانی وەک ماست ، پەنیر ، دۆ و ...هتد.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ نەخشەی دابەشبوونی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان بۆ قوتابییان ئامادە بکە، لەپاشان قوتابییان بەسەر سێ گرووپ دابەش بکە، هەر یەک لەو گرووپانە زانیاری لەسەر جۆرێک لە ئاژەڵەکان و شوێن و بەخێوکردنی بنووسن، لەدوایدا وێنەی ئاژەڵەکە بکێشن و لە وایت بۆرد بدەن، قوتابییان بەشدار بن لە گفتوگۆکردن . بۆ زیاتر ئاشنابوون، چەند بەروبوومێکی سپیایی خۆماڵی لە پۆل ئامادە بکەن، دواتر کاریگەریی لەسەر ئابووریی کوردستان بخەنە روو.

هەڵسەنگاندن:

قوتابییان پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن؟

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ هەرێمی کوردستان تا چەند توانیویەتی گرنگیی بە بەخێوکردنی ئاژەڵ بدات بۆ بەرهەمهێنانی سپیایی؟ بە هاوکاریی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە: بەبۆچوونی تۆ پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چی بکات کە نەیکردووە؟ رەخنە و پێشنیارەکانت بەچەند دێڕێک بخەروو.

بەندی هەشتەم/

سامانی کانزا و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان

وانەی یەکەم: سامانی کانزا

وانەی دووەم: پیشەسازی

ئامانجی فێربوون:

١- لە مانای سامانی کانزا تێ بگات .

٢-پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بزانێت.

٣-لێکدانەوە بۆ گرنگیی سامانی نەوت و گازی سروشتی بکات.

٤-کێڵگە نەوتییەکان پۆلێن بکات .



وانەی یەکەم:

سامانی کانزا:

هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی بوونـی سـامانی کانـزاوە دەوڵەمەنـدە و جۆرەهـا کانـزای تێدایـە. هەندێکیـان سـوودیان لێوەرگیـراوە و ئێسـتا بـەکار دەهێنرێـن، هەندێکـی تـر سـوودیان لێوەرنەگیـراوە، چونکـە تاوەکـو و ئێسـتا دەرنەهێنـراون.

گرنگترین سامانە کانزاییەکانی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

أ/ نەوت:

هـەر لـە زووەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان دۆزراوەتـەوە و ناسـیویانە، لـە ساڵی (١٩٢٧ز) لـە باباگوڕگـوڕی شـاری کەرکـووك دەسـت بەدەرهێنانـی کـراوە بـۆ مەبەسـتی بازرگانـی (ناردنـە دەرەوە).


کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم بریتین لە:

١.کێڵگەکانـی (بابـا گورگـوڕ، بـای حەسـەن، چەمەبـۆر) لـە پارێـزگای کەرکـووك.
٢. کێڵگەی نەوتی (نەوتخانە) لە خانەقین.
٣. کێڵگەکانـی نەوتـی (شیواشـۆك) لـە تەقتـەق، خورمەڵـە لـە پارێـزگای هەولێـر.
٤. کێڵگـەی نەوتـی (تاوکـێ) لـە زاخـۆ، لـە پارێـزگای دهـۆك.

ب/گازی سروشتی:

گازی سروشـتی لـە ناوچـە نەوتییـەکان هەیـە و لەگـەڵ نـەوت دەردەهێنرێـت، ئەمـە جگـە لـە هەنـدێ کێڵگـەی تایبـەت بـە دەرهێنانـی گازی سروشـتی کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەیـە، وەك کێڵگـەی گازی کۆرمـۆر لـە شـارەدێی قادرکـەرەم لـە شـارۆچکەی چەمچەمـاڵ.





نەخشەی نەوت و سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان



وێنـەی وێسـتگەی کارەبـای پیـرداود (هەولێـر)

زانیاری

کانـزا: هـەر ماددەیـەك كەلـە ناوجەرگـەی زەوی یـان لەسـەر ڕووی زەوی دەربهێنرێـت بـۆ مەبەسـتی كەڵـك وەرگرتـن پێـی دەگوترێـت كانـزا.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت /نەخشـەی کێڵـگە نەوتییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان هەڵبواسـە، لەدواییدا قوتابییـان دابەش بکە بەسـەر چەنـد گرووپێـک، هەرگرووپە و زانیاری لەسـەر کێڵگە نەوتییـەکان کۆ بکەنـەوە و لـە پارچـە کاغـەز بینووسـن و لـە نەخشـەکەی بـدەن. زانیارییـەکان بخەنـەڕوو دواتر ڕۆڵـی سـامانی کانـزا لـە بـەرەو پێشـبردنی ئابووریـی کوردسـتان بخەنـە ڕوو، چـۆن دەتوانرێـت ئـەم کەرتـە بەرەوپێـش بچێـت؟ بەخـاڵ دیـار بکـەن.

هەڵسەنگاندن:

أ - وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- کام لەمانـە یەکێـک نییـە لـە کێڵـگە نەوتییەکانـی کەرکـووك ؟ (بابەگوڕگـوڕ، بـای حەسـەن، سـەرمەیدان، چەمەبـۆر)

٢- کێڵگەی نەوتی (تاوکێ)لە کوێیە ؟ (دهۆک، زاخۆ، کەرکووک، نەینەوا)

ب - پێناسەی کانزا بکە.

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیـی ئازیـز / هەرێمـی کوردسـتان کـە خاوەنـی ئـەم هەمـوو کێڵگـە نەوتییەیـە، ئایا وەک پێویسـت سـوودی لـێ بینیـوە؟ وەڵامەکـەت بـە (٥)دێـڕ بنووسـە.

وانەی دووەم:

پیشەسازی

پیشەسازی: بریتییە لە کرداری گۆڕینی کەرەستەی خاو بۆ کەلوپەلی دروستکراو، گرنگیی پیشەسازی لەوەدایە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی دانیشتوان و خۆشگوزەرانیان هەروەها بەشداره لە بەکارخستنی دەستی کار و پێشکەوتنی چالاکییە ئابوورییەکان وەك(کشتوکاڵ، گواستنەوەو گەیاندن).
لەبەر گرنگیی کەرتی پیشەسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی گرنگیی بەم کەرتە داوە. چەندەها کارگە و پیشەسازیی گەورە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە.



کارگەی شیش لە هەولێر

گرنگترین دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بریتین لە:

١. کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە و بازیان، گەچ و خشتەی سوورکراو لە پارێزگای سلێمانی و چەندەها کارگەی تر .
٢. پیشەسازیی پاڵاوتنی نەوت و ڕستن و چنین لە پارێزگای کەرکووك و چەندین کارگەی تر.
٣. کارگەی خواردنەوە گازییەکان، بەروبوومی سپیایی، کارگەی چیمەنتۆ و شیشی کار و ماس، لەگەڵ کارگەی پترۆکیمیاوی لاناز و چەندین کارگەی تر لە پارێزگای هەولێر.
٤- کارگەی بەروبوومی دانەوێڵە لە ڕۆڤیا (دهۆک) کارگەی بەروبوومی پەلەوەر و گۆشت و چەندەها کارگەی تر.




چیمەنتۆی تاسلوجە

زانیاری

دامەزراندنـی پیشەسـازی لـە هـەر ناچەیـەك پێویسـتیی بەچەندیـن هـۆکار هەیـە، کـە پێیـان دەوترێـت (بنەماکانـی پیشەسـازی) گرنگترینیـان کەرسـتەی خـاو، سـەرچاوەی وزە، بـازاڕ، سـەرمایە، دەسـتی کار و هاتوچـۆ و گواسـتنەوە.

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆسـتای خۆشەویسـت / نەخشـەی ناوچـە پیشەسـازییەکانی هەرێمـی کوردسـتان ئامـادە بکـەو بـە ڕێـگای نەخشـەی هـزری لەسـەر وایـت بـۆرد بیکێشـە، قوتابییـان گرنگتریـن دامـەزراوە پیشەسـازییەکانی لەسـەر بنووسـن و لەدواییـدا گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن.



هەڵسەنگاندن:

أ- وەڵامی ڕاست و چەوت دیاری بکە:

١-کارگەی ئۆتۆمبێل دروستکردن لەشاری (سلێمانی)یە.

٢-پاڵاوگەی نەوت لە شاری کەرکووکە .

٣-کارگەی ئاوی کانزایی لە هەڵەبجە و دهۆک هەیە.

ب-پێناسەی پیشەسازی بکە.

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیـی ئازیـز / دروسـتکردنی ئۆتۆمبێـل بـە کەرتێکـی گرنگـی پیشەسـازی دادەنرێ، ئایـا هـۆکاری چییـە تـا ئێسـتا لـە هەرێمـی کوردسـتان پیشەسـازیی ئۆتۆمبێـل نییـە؟ بـە چەنـد دێڕێـک هـۆکار و ڕەخنەکانـت بنووسـە؟ نموونە :

- بە پێی پێویست پاڵپشتیی کەسانی داهێنەر نەکراوە.
-
-

بەندی نۆیەم

گەشتوگوزار و بازرگانی و گواستنەوە

وانەی یەکەم: گەشتوگوزار

وانەی دووەم: بازرگانی و گواستنەوە

ئامانجی فێربوون:


١-بتوانێت پێناسەی گەشتوگوزار بکات .
٢-بەراورد لە نێوان شوێنە گەشتیارییەکاندا بکات .
٣-هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی بازرگانی و ڕێگای گواستنەوە بکات.
٤-شیکردنەوە بۆ بنەماکانی پەیدابوونی بازرگانی بکات.
٥- جیاوازیی لە نێوان شێوازەکانی گواستنەوەدا بکات .



وانەی یەکەم:

گەشتوگوزار

ئاووهەوا و سروشتی هەرێمی کوردستان و دیمەنی سەرنجڕاکێشی شاخ و دۆڵ و کانی و سەرچاوە و تاڤگە و مەڵبەندە ئایینی و شوێنە دێرینەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاریی گرنگ بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەتی و دانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق بەگشتی، کە ساڵانە گەشتیاران لە هەموو لایەکی وڵات ڕووی تێ دەکەن، بۆ کات بەسەربردن و پشوودان، چەندین شوێنی گەشتیاریی هاوینە و زستانە لە هەرێمی کوردستان هەن.



زانیاری

گەشتیاری زستانە لەم ساڵانەی دواییدا پەرەی سەندووەو ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووی تێ دەکەن وەك (پرۆژەی گەشتیاریی چیای کۆڕەك) لە هەولێر، (چیایی زاوا) لە دهۆك و (ئەزمەڕ) لە سلێمانی.

ناوچەکانی گەشتوگوزار لە هەرێم بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

یەکەم/ هاوینەهەوارەکان

۱. ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر:

(شەقڵاوە، گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، جوندیان، کۆڕەك، شنگلبانە، سەکران...هتد).



گەلی عەلی بەگ


سەرچنار

٢. ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی:

(سەرچنار، دوکان، دەربەندیخان، قەرەداغ و ئەزمەڕ ...هتد).

٣. ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە:

(ئەحمەداوە، تەوێڵە، بیارە، ئاوێسەر، سەرچاووگ ...هتد).

ئەحمەداوە لە هەڵەبجە

پردی دەلال لە زاخۆ

٤. ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆك:

(سەرسەنگ، سوارەتووکە، زاوێتە، سۆلاف، ئاشاوە و ئانیشکێ ... هتد).

دووەم/ شوێنە دێرینەکان

قـەڵا و منـارەی چۆلـی (مزەفەرییـە) لـە هەولێـر، (ئەشـکەوتی شـانەدەر و ئەشـکەوتی هەزارمێـرد، کە پاشماوەی مرۆڤـی نیاندەرتالیـان لـێ دۆزراوەتـەوە)، قەڵای شـێروانە لـە کـەلار و هەڵکەندراوەکانی خنـس لـە شـێخان و گونـدی چەرمـۆ لـە چەمچەمـاڵ و شـوێنەوارەکانی بەکـراوە لـە هەڵەبجـە و دەیـان شـوێنەواری تـر، هەرێمـی کوردسـتانیان کردۆتـە ناوچەیەکـی گەشـتیاریی گرنـگ.




سێیەم/ مەڵبەندە ئایینییەکان

لـە کوردسـتان گەلێ مـەزاری پیاوچـاکان و پەرسـتگا و شـوێنی ئایینیـی جیاجیا هەیە، هاووڵاتیان سـەردانیان دەکەن، وەکـو مزگەوتـی گـەورەی سـلێمانی (کاکە ئەحمەدی شێخ)، پەرسـتگای (لالـش) مـەزاری (شێخ ئادی) کە شـوێنی پیرۆزی ئێزدییەکانـن. (دێرمارمەتـی) لە چیـای مەقلـووب، (دێـر ڕەبەن بۆیـە) لـە شـەقڵاوە، (مـەزار مەریەمانـە لـە عەنـکاوە و (دانیال پێغەمبەر) لـە کەرکووك و (پیر شـالیار) لـە هەورامان و چەنـدان مەڵبەنـدی تـر.


وێنەی قەڵای ئامێدی


مزگەوتی گەورەی سلێمانی


لالش


(دانیال پێغەمبەر) لە کەرکووك

زانیاری

گەشتوگوزار: بریتییە لەو چالاکییەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەگەشتکردن بۆ ماوەیەکی کاتی کە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك زیاتر دەخایەنێت بەمەبەستی کات بەسەربردن و خۆشی یا وەرزشکردن یان خوێندن....هتد.


چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست داوا لە قوتابییان بکە هێڵکاریەک بکێشن لەسەر وایت بۆرد و ناوچە گەشتو گوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگاکان دابەش بکەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن چەند وێنەیەکی ناوچە گەشتیارییەکان، شوێنە دێرینەکان، یاخود مەڵبەندە ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان کۆ بکەنەوە، لەگەڵ زانیاری و بیکەن بە دیواربەند(نشرە).

ناوچەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان

ناوچەگەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر

هاوینەهەوارەکان



شوێنە دێرینەکانی کوردستان



لالش



هاوینەهەوارەکانی کوردستان

هەڵسەنگاندن:

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە ؟

١_ گەشتوگوزار چییە؟

٢- ....ناوچەیەکی گەشتیاریی گرنگە لە پارێزگای سلێمانی؟ (سەرچنار، سەکران، ئەنیشکێ، وەرتێ)

٣-کوردستان گەلێ مەزارگە و مەڵبەندی ئایینی لێیە وەك ....؟ (لالش، قەڵا، پردی دەلال، شانەدەر)

٤_ چۆن دەتوانرێت ناوچە گەشتیارییەکان بپارێزین؟

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین شوێنی گەشتیارییە، ئایا بۆ ئەوەی گەشتیاری زیاتر ڕوو لە هەرێمەکەمان بکەن، چی بکرێت؟ بە هاوکاریی خێزانەکەت پێشنیارەکانت بە (٥) خاڵ بنووسە. نموونە

١- دابینکردنی ڕێگای هاتووچۆی گونجاو .   ٢-

٣-   ٤-

٥-

وانەی دووەم:

بازرگانی و گواستنەوە

بازرگانی بریتییە لە کرداری کڕین و فرۆشتنی شمەك و خزمەتگوزاری لە ناوخۆ، یان لە نێوان وڵاتاندا.

بنە ماکانی پەیدابوونی بازرگانی:

١/ جیاوازیی لە دەرامەتی سروشتی.
٢/ جیاوازیی لە چڕیی دانیشتوان
٣/ جیاوازیی لە ئاستی داهات و بژێویی دانیشتوان.
٤/ پلەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری
٥/ ئاسانی هاتوچۆ و گواستنەوە

گواستنەوە :

گواستنەوە بریتییە لە گواستنەوەی شمەك و خەڵك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. مرۆڤ لە کۆندا پشتی بە هێز و بازووی خۆی دەبەست بۆ گواستنەوە و بارکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستی بوو، دواتر بە تێپەڕبوونی کات، هەندێك ئاژەڵی بەکارهێنا بۆ گواستنەوە، پاشان دووچەرخە و ڕەوڕەوی داهێنا، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی گالیسکە، کە ئاژەڵ ڕایدەکێشا. لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی مرۆڤ ئامێری بزوێنەری داهێنا کە بەهێزی هەڵم کاری دەکرد و دواتر ئەو بزوێنەرانەی کە بە سووتەمەنی نەوتی و کارەبایی کاریان دەکرد، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی کەشتی و شەمەندەفەر و ئوتۆمبیل و فڕۆکە. پێشکەوتنی ئەو ئامرازانە بووە هۆی خێرایی لە گواستنەوەی مرۆڤ و بڕێکی گەورەتر لەکەلوپەل. کەرتی گواستنەوە بەشدارە لە پێشوەچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەوڵەت.


وێنەی گالیسکە

گرنگیی گواستنەوە:

١/ لەڕووی ئابوورییەوە: گواستنەوی کەرەستەی خاو و بەستنەوەی وڵاتان بەیەکترییەوە، چونکە بازنەیەکی سەرەکی پێکەوەبەستنەوەی مەڵبەندەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕەکانە، جگە لە ڕەخساندنی هەلی کار.

٢/ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: لە ڕێگای زیادکردنی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە نێوان تاکەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات .

جۆرەکانی گواستنەوە:

گواستنەوە دابەش دەکرێت بۆ چوار جۆری سەرەکی کە ئەمانەن:

١/ گواستنەوەی وشکانیی.

٢/ گواستنەوەی ئاویی.

٣/ گواستنەوەی ئاسمانیی.

٤/ گواستنەوە بەهۆی بۆڕی.

وێنەی کەشتی

زانیاری

بازرگانی کردارێکی گرنگە بۆ بە بازاڕکردنی بەروبوومی زیادەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و ئاڵوگۆڕی کاڵا و بەرهەمە جیاوازەکان، لەناوخۆی وڵات و دەرەوەدا، بۆیە بازرگانی دەکرێتە دوو جۆر: بازرگانیی ناوخۆ و بازرگانیی دەرەوە.



لۆریی گەورە بار

چالاکیی ناوپۆل:

مامۆستای خۆشەویست/ قوتابییان دابەشی سەر چەند گرووپێک بکە، باس لە بنەماکانی بازرگانی و ڕێگاکانی گواستنەوە بکەن، وێنەیەکی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە ئامادە بکەن و لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ زانیارییەکان بنووسن و لە فایلێکی بدەن، بە شێوەی ڕیزبەندیی مێژوویی و دواتر نوێنەری گرووپەکە باس لەزانیارییەکان بکات و پاشان لەسەر دیوار هەڵیبواسن و بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەن.

هەڵسەنگاندن:

أ- وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ؟

١-یەکێکە لە بنەماکانی پەیدابوونی بازرگانی؟ (دەرامەتی سروشتی، چڕیی دانیشتوان، ئاسانی هاتووچۆ و گواستنەوە، هەموویان ڕاستن).

٢-جۆرێکی بازرگانییە لە ناوەوەی وڵات دەکرێت؟ (بازرگانیی ناوخۆ، بازرگانیی دەرەوە، بازرگانیی ناوخۆ و دەرەوە ، هیچیان).

ب - پێناسەی گواستنەوە بکە.

چالاکیی ماڵەوە:

قوتابیی ئازیز/ بەبۆچوونی تۆ هەرێمی کوردستان دەتوانێ هۆیەکانی گواستنەوەی سەردەمیانە بەکار بهێنێت؟ بۆ نموونە (میترۆ)، بیرۆکەکانت بخە ڕوو و شێوازێکی ئەم ڕێگایە بە وێنە بکێشە و پێداویستییەکانی ئامادەکردنی بنووسە. بۆ نموونە شەمەندەفەر.

